# هۆکاری لاوازییەکانی کارامەیی دەربڕین و داڕشتن لای خوێندکارانی زانکۆ بەپێی تێڕوانینی مامۆستایان

**م.ی. ریگر محمد سليم سعيد**
زانکۆی سلێمانی / کولێجی پەروەردەی بنەڕەتی
بەشی زمانی کوردی
reger.saleem@univsul.edu.iq

**پوختە**

کارامەیی دەربڕین و دارشتن چالاکییەکی لێهاتوانەی زمانەوانییە، بۆ دەربڕینی هەستەکانی بە شێوەی زارەکی، یان نووسین (دارشتن)، کە تیایدا تاکەکان باس لە هەست و نەستەکانی خۆیان و بیرکردنەوەکانی ناو ناخی خویان بە شێوەیەکی لێهاتوانە دەکەن، کارامەیی و متمانە بەخۆبوون تواناکان لە هەڵبژاردنی بیرۆکەکان وریکخستنیان پێشدەخەن.

سەرەڕای گرنگی زۆری دەربڕین و دارشتن بۆ خوێندکاران بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی مەبەست، چەندین توێژینەوە پشتڕاستیان کردووەتەوە، کە لاوازی لە دەربڕین و دارشتندا کۆسپ دروستدەکەن بەرامبەر خوێندکاران بۆ گەیشتن بەو ئامانجانەی کە هەوڵیان بۆ دەدات، ئامانجی ئەم توێژینەوەیە دەستنیشانکردنی هۆکارەکانی لاوازی کارامەییەکانی دەربڕین و دارشتن لای خوێندکارانی زانکۆ، سامپڵی توێژینەوەکە پێکهاتووە: لە مامۆستایانی بەشی زمانی کوردیی کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت، توێژەر ڕاپرسی سەرەتایی ئامادەکردووە بۆ دوزینەوەی هۆکارەکانی لاوازی کارامەیی دەربڕین و دارشتن و خستنەڕووی ڕاپرسی سەرەکیی پێکهاتووە لە (٢٠)مامۆستا و پاشان توێژەر راپرسی کوتایی ئامادەکردووە و بە پێ وەڵامی مامۆستایان خستۆتەڕوو، کە لە راپرسی ڕاستی ڕواڵەتی (الصدق الظاهری) پشتڕاست کراوەتەوە، دوای پێشکەشکردنیان بە کومەڵەیەک مامۆستای پسپۆڕ لە ڕێگاکانی وانەوتنەوە و دەرونزانی و پێوانەو هەڵسەنگاندن، توێژەر بە چەند ئامانجیک گەیشت. چەندین سەرچاوەی کوردی و عەرەبی بەکارهێناوە و دواتر بە چەند ئەنجام ڕاسپاردەو پێشنیاز پێشکەش کراوە.

**الملخص**

مهارة التعبير والانشاء نشاط وخبرة لغوية للتعبير عن المشاعر شفويا أو الكتابة، يتحدث فيها الأفراد عن مشاعرهم واحاسيسيهم بطريقة وظيفية، ومهاراتهم وثقتهم بالنفس تنمي قدراتهم في اختيار الأفكار وتنظيمها.



***JZSB*** p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

وعلى الرغم من الأهمية الكبيرة للتعبير عن الطلاب وخلقهم لتحقيق أهدافهم، إلا أن العديد من الدراســات أكدت أن ضعف التعبير والأنشاء يعيق الطلاب عن تحقيق الأهداف التي يحاولون تحقيقها، وتحديد الغرض من هذا البحث تشمل عينة الدرا سة من التدريسين في قسم اللغة الكوردية بكلية التربية الأ سا سي، وقد أعد الباحث عينة أولية للتشخيص عن أسـباب الضـعف والمهارات في التعبير والإنشـاء مسـتخدما العينة الرئيسـية وتقديمه مكوناً من ٢٠ مدرسـا ثم قام الباحث بإعداد عينة نهائية، ووفقا لجواب التدريســين، أكد الباحث الصـــدق الظاهري بعد تقديمهم مع مجموعة من الاساتذة و الخبراء في طرق التدريس وعلم النفس. حقق الباحث عدة أهداف. واسـتخدم العديد من المصـادر الكوردية والعربية ثم قدم بعض النتائج والاقتراحات والاستنتاجات.

**Abstract**

The skill of expression and composition is a linguistic activity, to express their feelings orally or in writing, in which individuals talk about their feelings and feelings in a functional way, and their skills and self-confidence develop their abilities to choose and organize ideas.

Despite the great importance of students' expression and composition to achieve their goals, many studies have confirmed that poor expression and construction hinder students from achieving the goals they are trying to achieve. Determining the purpose of this research includes the study sample of teachers in the Kurdish Language Department at the College of Basic Education, the researcher prepared a preliminary sample for the diagnosis of the causes of weakness and skills in expression and composition using the main survey and presented it consisting of  teachers. The researcher achieved several goals. He used many Kurdish and Arabic sources and then presented some results, suggestions and conclusions

### ١-٠ کێشەی توێژینەوە

گرفتی کارامەییەکانی لاوازی لە دەربرین و دارشــتن لای خوێندکارن یەکێکە لەگرفتە درێژخایەنەکان، ئەم لاوازییە بەبەردەوام لەلایەن مامۆســتایان ئامازەی پێدەکرێت، بەتایبەت لە کاتی چاوپێکەوتنەکانیاندا چ لە ناو پۆل یان لە دەرەوەی پۆل ویان لە گفتوگۆکاندا لە گەل هاورێ و هاوپیشەکانیاندا بەرجە ستە دەبێت لە سەر لایەنە جیاوازەکانی ژیانی رۆشــنبیری و کومەلایەتی، بەرای مامۆســتایان و وانەبێژان ئەم لاوازییە لە دەربرین و داڕشــتندا لە نێوان خوێندکاراندا لە کاتی وانەوتنەودا بەدی دەکرێت. مامۆسـتا چەند پرسـیارێک ئاراسـتەی خوێندکاران دەکات بۆ زیاتر کفتوگۆ کردنی بابەتەکە لە ناو پۆلدا، یان لە کاتی تاقیکردنەوەکاندا مامۆ ستا شێوازی پر سیار دەگۆڕێت بۆ شێوازێکی تر وەک (باس بکە، لە سەری بدوێ، ڕای خوت دەربرە، یان بەرای تووە زیاتر روونی بکەرەوە)، لێرەوە مامۆ ستا ئا ستی دەربرین و داڕشــتنی خوێنـدکـارەکـان هەڵـدەســەنگێنێـت و ئەو هەڵە بـاوانەش دەزانێـت، کە زۆر بـاون لە نێوان خوێندکاراندا چ لەڕووی دەربڕینەوە بێت یان ڕێزمانەوەبێت، یان رۆ شنبیری گشتی یاخود هەر زانیارییەکی پێشووتر بێت، ئەمەش یەکێکە لە ئەگەرە کان، کە هە ندێک لە خوێندکاران توانای قســەکردنێکی رێک و پێک و گە یا ندنی چەمکەکان نییە و گوێگر مەبەســتی پرســیاری بابەتەکە بەدەســت ناکەوێت، ئەمەش ئەوە مان بۆ دەردەخات، کە

لاوازیی لە نێوان خوێندکاراندا لە ڕووی دەربرینەوە هەیە، چ زارەکی یان نوسـراو بێت، بەتایبەت لەو بابەتی دەربڕینی سـەربەخۆدا زیاتر هەسـت بەم لاوازییانە دەکرێت، لە سـەرجەم قۆناغەکانی خوێندندا، ئەمەش وای بۆ دەچن، کە گرفتێکی لە مێژینەیە لەگەڵ خۆیان هێناوە بو دوا قۆناغیان کە زانکویە، ئەم گرفتەش وا لێکدەدەینەوە، کە گەرانەوە بۆ قۆناغەکانی پێشتر وەک (بنەڕەتی و ئامادەیی)، کە گرنگییان بە دەربرین و داڕشتن و یان یاساکانی ڕێزمان نەداوە و سـود و ئامانجەکانی ئەم بابەتە بەهەند وەرنەگیراوە ، ئەمەش ئەو گرفتەیە، کە خوێندکاران پێوە دەناڵێنن، ئەم هەڵسـەنگاندنەش پێوەرە بۆ تێگەیشـتن لە بابەتەکاندا و دەرچوونیان بۆ قوناغێکی تر ئەویش هەڵسـەنگاندنێکی ڕووکەش بووە، لە تێگەیشتن و فێربوونیاندا، کە تەنها چەخت لە ئەزبەردکردن و دووبارەکردنی بابەتەکان کراوەتەوە.

**٢-٠ گرنگیی توێژینەوە**

گرنگیی ئەم توێژینەوە ئەوەیە، کە توانای گەیاندنی بیرۆکە، یان هە ستکردن بە کە سانی تر چ زارەکی یان نو سراو بێت، بە بەکارهێنانی کارامەیی زمانەوانی پاراو و پابەندبوون بە یاساکانی زمانەوانیەوە ئەمەش هەستێکی دیاریکراو و پێویستیی مرۆڤ بۆ گەیاندنی ئەم هزرە و هەستە بە کەسانی تر.

دەربڕینی زارەکی و نوسـراو بە بەکارهێنانی کارامەییەکانی زمان و بە پێی یاسـاکانی دەربڕین، چالاکییەکی تاک لایەنەیە، کە فێرخواز بە لێهاتووییەکی جۆراوجۆرەوە فێردەبێت و بە بەکارهێنانی یاساکانی زمانەوانی لە شێوازەکانی دەربڕیندا بەکار یدەهێنێت، ئەم چالاکییە شوێنێکی گرنگ لە ناو پرۆسەی فێربووندا داگیر دەکات. لە ڕێی دەربڕینەوە فێرخواز بیرو بۆچوونەکانی خۆی دەخاتە ڕوو وهەسـتەکانی خۆی دەردەبڕێت، کەسـایەتی خۆی نیشـان دەدات و دەیانبە ستێتەوە بەو شتانەی، کە وەریگرتووە یان فێریبووە و تێکەڵ دەکات و چارە سەری ئەو بابەتانە پێ دەکات کە پەیوەندییان بە بوارەکانی ژیان و بەرژەوەندییەکانیەوە هەیە، گەشـە بە داهێنانەکانی دەدات و خەیاڵەکانی فراوانتر دەکات.

**٣-٠. ئامانجی توێژینەوە:**

١-پەرەپێدانی توانای خوێندکارە لە کارامەیی دەربڕین و دار شتندا، وهە ست و بیر و پێوی ستییەکانی بە شێوەیەکی تەندورست دابڕێژێت.

٢-بەدەسهێنانی تواناکانی بیرکردنەوەیە کی ڕەوان لە پێشکەشکردن و بەستنەوەی بیرۆکەکان بەشێوەیەکی باشتر.

٣-جەختکردنەوە لە سەردەربرینێکی بێ کەموکۆری و دوور لە هەڵەی زمانەوانی و ڕێزمانی و ڕێنوسی.

٤-دەستنێشانکردی ئاستی لاوازیی کارامەییەکانی دەربڕین و داڕشتن لە لای خوێندکاران .

٥-دەستنیشانکردی کاریگەری لاوازی کارامەییەکانی دەربرین لەسەر ئەزموونی داهاتوی خوێندکار .

**٠- ٤ سنوری توێژینەوە.**

١-مامۆستایانی زانکۆی سلێمانی کولێجی پەروەردەی بنەرەت بەشی زمانکوردی.

٢-جێبەجێکردنی بۆسالی خوێندن ٢٠٢٠-٢٠٢١.

**٥-٠ پێناسەی چەمکەکان :**

- **کارامەیی (المهارە)**

- (دبوس :٢٠٠٣) بەمشــێوەیە پێناســەی کارامەیی دەکات: توانایەکی جەســتەیی و عەقلی و کومەڵایەتییە لە ڕێگەی ڕاهێنان و دووبارەکردنەوە کە تاک فێریدەبێت و گورانکاری دەکات:(دەبوس ،٢٠٠٣) .

- (الخزرجی) لەبارەی کارامەیی یەوە دەلێت : توانایەکە بۆ جێبەجێکردنی کارێکی دیارکراو بە شـێوەیەکی ورد و خێرا بە کەمترین کات . (الخزرجی ، ٢٠١١: ٧٤).

- (احمد): لە پێناســەکردنی کارامەیی دەربرین و دارشــتندا دەڵێت: چالاکییەکی زارەکی یان نووســینە کە بەگوێگرتن وقسەکردن و نووسین و خوێندنەوە پراکتیزە دەکرێت، بەشێوەیەکی ڕەوان و دورست و ئاسان لە کەمترین کادا .( احمد ،٧٧:٢٠٠٦).

- (البجة): کارامەیی دەربرین (توانای خوێندکارەکان بۆ دەربرین و نووسینەوەی بیروکەکانە، بەدەستەواژەیەکی رەوان و بێ هەڵە ، لەگەل توانا زمانەوانییەکاندا بگونجێنێت و دواتر رابهێنرێت بۆ ئەوەی بە شێوازێکی هونەری جوان دابرێژرێت وبە وشەی گونجاو بیروکەکان پێکەوە ببەستێتەوە .(البجة،١٩٩٩: ١٦٦).

پێناســەی کارا : لاوازی کارامەیی دەربرین : بێتوانایی خوێندکارانی زانکۆ یە لە خســتنەرووی بیروکەو هەســت و بوچوونەکان بە شــێوەیەکی زارەکی یان نوســین لە دارشــتنەوەدا ، بەئاراســتەیەکی ناراســت ونا رەوان لە فۆرم و ناوەرۆکدا .

- **خوێندکاری زانکۆ :**

(صــقر) واپێناســە بۆخوێندکاری زانکۆ دەکات: ( ئەو کەســەیە، کە لە قۆناغی ئامادەییەوە ڕێی پێدراوە بچێت بۆ زانکۆ بۆ بە دواچوون لە هەندێک زانستی سەرەکی، وبەدەست هێنانی بڕوانامەی بەکالوریوس)، (صقر، ٢٠٠٥: ٤٩)

(شحاتە)یش بەم شێوەیە پێناسەی دەکات ( ئەو کەسەیە، کە ڕێپێدراوە لە رووی توانا زانستیەوە لە زانکۆدا درێژە بە خوێندن بدات وەک بەشــێک لە ژیانی رۆژانەی،کە زانکۆ وەک دامەزراوەیەکی زانســتی فێرکاری فەرمی ، دەبێتە بەرزترین ئامانج بۆ خود)، ( شحاتە ، ٢٠٠١: ١٤).

**٦-٠ پێناسەی کارا:**

خوێندکاری زانکۆ ئەو کەسـەیە، کە بە قۆناغێکی دیاریکراوی گەشـەکردندا تێدەپەڕێت ولە قۆناغی هەرزەکارییەوە و دەچێتە قۆناغی گەنجێتی، بەئامانجی بەدەسـتهێنانی یەکێک لە بڕوانامەکانی زانکۆ وەک بەکالۆریوس، ماسـتەر یان بڕوانامەی دکتورا.

**ئەدەبیاتی توێژینەوە**

**١/ بەشی دووەم : ئەدەبیاتی توێژینەوە :**

**١-١ چەمکەکانی دەربڕین و داڕشتن**

دەربڕین ودارشتن كارامەییەكە بۆ گواستنەوەی زانین و ئەو چەمكانەی، كە لە هزرەوە بەرهەم دێن، كەبەشێوەی زارەکی یان نوسراو دەگەنە گوێگر ی خوێنەر. یاخود ئەو توانایە، كە مرۆڤ بیروبۆچوونەكانی تێیدا دەئاخنێت و هەست و نەستەكانی بە هۆیەوە وەردەگێڕێت و پێگەی خۆی لە ژیاندا دیاری دەكات. (ایناس عبدالمجید واخرون، ٢٠١٠:١٧٨)، هەروەها هۆكارێكیشە بۆ پەیوەندیكردنی نێوان تاك و كۆمەڵ، كە دەربڕینی هەست و بیروبۆچوونەكانی ئاخێوەر، یا نوسەر، دەتوانرێت ئەوە بگوترێت، كە داڕشتن دەرئەنجامی بیركردنەوەو سەرنجدانە لە بابەتێكدا، كە كارامەی نووسینی تێدا بێت. (عبدالرحمن،٢٠٠١:٤)، داڕشتن بەهرەیەكی سروشتییە، كە لە رێگەی چالاكی فێربوونەوە گەشە دەكات، نوسەر دەتوانێت بە جوانترین شێوە توانای خۆی دەردەبڕێت (ایناس عبدالمجید واخرون،٢٠١٠:١٧٨) ئەمەش ئەو روندەكاتەوە، كە فێربوون كلیلی دەركەوتنی ئەو بەهرەیە، كەبە شێوازێكی و پاراوتر دابرێژێت و وێنەی تەواوی ئەو هەست و بیر بووچونانە دەربرێت. هەروەها چالاكییەكی ئەدەبی و كۆمەڵایەتییە، یان ئەو رێگەیە، كە تاک بیرۆكە و هەست و پێویستیەكانی خۆی بە زمانیێكی پاراو و شێوازێكی دروست لە فۆرم و ناوەرۆكدا دادەرێژێت، كە مەبەست لە فێركردنی زمانە، ئەوەش لە لقەكانی زمان پێكهاتووە وهۆكارە بۆ دەربرینی تەواو چ زارەكی بێت یان نووسراو (دارشتن)بێت، (راتب،٢٠٠٩ : ١٢١-١٢٢).

لێرەوە بۆمان دەردەكەوێت، كە داڕشتن دربڕینكی كەسیە، بە قسەكردن یان بە نووسین هەست و نەستەكان و بیركردنەوەكانی بە دەربڕینێكی دروست نمایش بكات، یان گەیاندنی ئەو هەست و نەستە بە نووسینەوە یان زارەكی بۆ وەرگر بەمەبەستی پەیوەندی و جێبەجێكردنی پێداویستیەكان . دەربڕین ئەو قسانەن، كە لە زاری قسەكەرەوە دێنە دەرەوە، یان نووسەر دەیاننووسێت، دوای ئەوەی ئەو شتانەی هەستیان پێدەكات و بیریان لێدەكاتەوە، یاخود ئەوانەی لێیان دەپرسێت و بە داوایاندا دەچێت، هەروەها ئەو هەستەیە، كە قسەكەر یان نووسەر بەرامبەر بەرووداوەكانی دەوروبەر یاخود ناخی كەسەكە دەری دەبڕێت (گوێگر هەبێت یان نەبێت ). (سمێح:٢٠٠٨،٧٤).

**١-٢ دەربڕین و داڕشتن لە ڕووی زمانەوانیی و زاراوەییەوە:**

لە ڕووی زاراوەییەوە دەربڕین ودارشتن شێوازێكە بۆ دركاندنی ئەو هەستەوەرە خودییانەی، كە لە تاكەوە دەردەبڕێت، یاخود سیماكانی دەربڕین، كە بە هۆی نوسینەوە دەنەخشێنرێت. (ایناس عبدالمجید واخرون، ٢٠١٠: ١٧٩) وەك زاراوەش:- هۆكارێكە بۆ ڕاهاتنی خوێندكاران لە سەر دەربڕینی بیروبۆچونەكانیان بە شێوەیەكی ڕاست و ڕەوان. لەگەڵ دەوڵەمەندكردنی هزریان بە فەرهەنگی وشەكان لە ڕێی خۆ ڕۆشنبیركردنەوە، بۆئەوەی بتوانن هزرەكانیان بەدروستی ئاشكرابكەن. كەواتە دەربڕین لقێكی زمانە، داڕێژە (قاڵب)یان هۆكارێكی بنەڕەتییە بۆ پشتبەستنی خوێندكار و پەیوەندیكردن لەگەڵ كەسانی تردا، هەروەها بۆ بڕیاردان لە سەر پێداویستیەكانی ژیانی خۆی. بۆ زیاتر بەراوردی ئەم دوو بابەتە دەتوانین جیاوازی لە نێوان دەربڕین و داڕشتندا بەدی بكەین، بۆ ئەوەی بزانین : بابەتی

دارشتن چ بابەتێکی بە سوودە لە چاو زانستی پەروەردەدا ئەبێت داڕشتن بەراورد بەبابەتی دەربرین (وتووێژ) بکەین. بۆ ئەوەی ئەو جیاوازیانەی لە نێوانیاندا هەیە دەربکەوێت هەر وەك لەم چەند خالەدا بەدیدەکرێت :

١- لەبەرئەوەی دەربرین (وتووێژ) ئاخاوتنێکی (زاری)یە دەربرینێکی دەنگدارە فێرخواز ناتوانێت ئەوەندە بیری لێ بکاتەوە، چونکە دوابەدوای ئاڕاستە کردنی پرسیارەکانی مامۆستا فێرخواز بە ناچاری دەبێت وەڵام بداتەوە. کەچی لە داڕشتندا دەرفەت زیاترە کە فێرخواز بە ئارەزووی خۆی دەربڕینەکە بنووسێت.

٢- هەرهەڵەیەك کەلە دەربڕیندا (وتووێژ)دا ڕوو بدات دەبێ دەستبەجێ ڕاست بکرێتەوە پێش ئەوەی قسەکەر وتەکانی تەواوبکات، بەڵام لە داڕشتندا فێرخواز دەتوانی بە ئارەزووی خۆی چەندین جار چاوی بەسەرا بخشێنێتەوە بۆ ئەوەی ئەگەر هەڵەیەکی تێدا هەبوو ڕاستی بکاتەوە .

٣- لەدەربڕیندا (وتووێژ) دا مامۆستا ڕاستەوخۆ دەزانی فێرخوازەکەی چی دەڵێت یان دەیەوێت چی بڵێت. لەمەوە مامۆستا ئاستی خوێندکارەکەی خۆی بۆ دەردەکەوێت. کەواتە مامۆستا لە دەربڕیندا دەستی بە دەستی فێرخوازە کە یەوهیە هەر هە ڵە یەك ڕوو بدات بەزوویی ڕاستی دە کا تەوە. بەڵام لە داڕشتندا مامۆستا نازانێ فێرخوازەکەی خەریکی چییەو بە چ پلەیەك گەیشتووە، مەگەر لە کاتی ڕاستکردنەوەی نوسینەکانیدا بۆی دەربکەوێت. (حمە کریم ،٢٠١١:١٨٣).

٤- کەواتە دەربڕینی زارەکی هوکارێکی سەرەکی پەیوەندیکردنە بە شێوەی ڕاستەوخۆ بەدەنگەوە و هەڵگری چەندین ئاوازە و چەڤەنگە (هێما)یە چ لە نێوان ئاخێوەرەکان و پاشکۆیەکی سەرەکییە بۆ دەربڕینی نووسراو(داڕشتن) ویرای ئەوەی کە قسەکردن لە نووسین لەپێشترە .

**١-٣ جۆرەکانی داڕشتن:**

**١-٣-١ داڕشتنی زارەکیی:**

هۆکاری پەیوەندیکردنی تاکە بە کۆمەڵەکەیەوە، هەروەها دەربڕێنێکیشە پڕە لە هەستو بیرکردنەوەو داهێنان، هەروەها داڕشتنی زارەکیی دەردەکەوێت وەکە یەکەمێن خاڵی دەستپێک بۆ ڕاهێنان لە دەربڕیندا بە شێوەیەکی گشتی ئەو گفتوگۆیەی، کە لە نێوان کەسەکاندا هەیە بەپێی ئەو هەڵوێستەی، کە تێدا دەژین، کارامەییەکانی متمانە بەخۆبوونەو توانای لە هەڵبژاردنی بیرۆکەکان وڕێکخستنیان (طه حسين و سعاد،٢٠٠٩:١٣٨).

هەروەها لەم پێناسانەدا تێبینیدەکەین، کە دەربڕینی زارەکی پێک هاتووە لە قسەکردنی زارەکی کەسێک یان قسەکەرێک، کە گوزارشت لە حەز و مەترسیەکانی خۆی بکات، بۆئەوەی زانیارییەکانی کەسانی تر زیادبکات، قسەکانی پاراو و هەڵقوڵاو بێت لە درو ستی دەربریندا واتە لە جێبەجێکردندا بێ کەموکوڕی بێت. هەروەها ( سوعاد ئەلوائیلی) جەختیکردەوە، کە " دەربڕینی زارەکی ئەو بنەمایەیە، کە لە سەری بونیادنراو، لە ڕاستیدا ئەگەر دەربڕینی زارەکی نەبێت ناتوانێت سەرکەوتوو بێت لە دەربڕینی نوو سراودا (دار شتن)دا لێرەوە دەردەکەوێت گرنگی دەربرینی زارەکی سەرەتا پلانی خوێندنە. ( سعاد ، ٢٠٠٤: ٨٩)، هەروەها یەکەمێن خاڵی دەستپێکە بۆ ڕاهێنان لە دەربڕیندا، کەبە شێوەیەکی گشتی کە ئەو قسەکردنە، یان ئەو گفتوگۆیەی لە نێوان کەسەکان هەیە بەپێی ئەو هەڵوێستەی تێیدا

دەژین، کارامەییەکانی متمانە بەخۆبوون و توانای زیاد دەکات لە هەڵبژاردنی بیرۆکەکان وریکخستنیان . دەربڕینی زارەکی چالاکییەکی زمانییە، کە خوێندکار لە سەرەتای پێش چوونە قوتابخانەوە لە ماڵەوە و گەڕەك بەکاری هێناوە، لەگەڵ چوونە قوتابخانەشەوە بە شێوەیەکی ڕێکخراو فێری دەربڕینی نوێ دەبێت هەتا دوا قۆناغەکانی ژیانی، بەردەوام دەربڕینەکان لە گەڵیدا دەبێت. هەروەها پێدانی کاردانەوە ی (فید باک )ە بۆ خوێندکار بۆ ئەوەی ببێتە پێوەرێکی پەروەردەیی لە ئەزموونەکانی تری ژیانی کەپێدا دەڕوات (حماد ونصار ،٢٠٠٢: ٢٩-٣٠)

دەربرینی زارەکی لە ڕووی ناوەرۆکەوە دابەش بووە بەسەر دوو بەشەوە:

١-دەربڕینی ئەرکی : دەربڕینی ئەرکی بەم شێوەیە پێنا سە دەکرێت: دەربڕین کە خزمەت بە مەبە ستێک دەکات کار لە ژیانی فێرخواز دەکات و یارمەتییان دەدات بۆ دەربڕینی بیر و هەستەکانیان بەمیتۆدێکی تەندروست و بە شێوەیەکی ڕێک و پێک " واتە ئەو دەربڕینەی کە فێرخواز پشتی پێ دەبەستێت لە بوارە جیاجیاکانی ژیانیدا ، بۆ ئەوەی ئامانجێک بگات .

٢- دەربڕینی داهێنەرانە: خستنە ڕووی بیرۆکەو هەست و نەست و ئەزموونە تایبەتێکانی فێرخوازە. یا ئەو دەربڕینەیە، کە فێرخواز داهێنانی تێدا دەکات، بۆ ئەوەی ئێمە بە دوای خواستەکاندا بگەڕێین لە دەربڕینی داهێنەردا .(احمد اللقانی و علی ،١٩٩٩:٨٤ )، کەواتە دەربڕینی زارەکی هوکارێکی سەرەکی پەیوەندیکردنە لە نێوان مامۆستا وفێرخواز و پاشکویەکی سەرەکییە بۆ دەربڕینی نووسراو(دارشتن) قسەکردنی زارەکی لەپێش نووسینەوەیە.

**١-٣-١-١ گرنگیی و کارایی دەربڕین:**

١)لە هەموو هەڵوێستێکدا مرۆڤ پێویستی بە دەربڕین هەیە بۆ ئەوەی بیرو بۆچوونەکانی خۆی دەرببڕێت، جوانیو باشی دەربڕینیش دەبێتە هۆی زیاتر جێخۆشکردن لای کەسانی تر.

٢)دەربڕین یەکێکە لەو بنەمایانەی، پەیوەندییەکانی لە سەر بونیاد دەنرێت.

٣)دەربڕین هۆکارێکە بۆ پەیوەندی نێوان تاکو کۆمەڵ هەروەها ئەو ژینگەیەی لە دەوروبەریدا هەیە، کەسی دەربڕ لەڕێی دەربڕینەکانییەوە هەستی خۆی دەردەبڕێت.

٤)دەربڕین بە یەکێك لە بنەما سەرەکێکانی زمان دادەنرێت، ئەگەر لە دەربڕینەکانیدا سەرکەوتوو بێت ئەوا لە ژیانی تایبەتی خۆشیدا بە کەسایەتییەکی سەرکەوتوو دادەنرێت.

٥)خراپیی دەربڕین دەبێتە هۆی ئەوەی، نەتوانرێت بە باشی بەئامانجەکانی خۆی پێ بگات.

**١-٣-١-٢ پۆلێنکردنی کارایی دەربڕین:**

**أ) کارایی شێوەیی (فۆڕم): چەند خاڵێکی گرنگ لەخۆ دەگرێت، بریتین:**

١) سیستەمی نوسین، بەجیهێشتنی ماوەیەکی کورت لە سەردێڕەکانو بەکارهێنانی نیشانەکانی خاڵبەندیی.

٢) دەرخستنو جیاکردنەوە، ناونیشانی سەرەکیو لاوەکییو ڕستەی گرنگ دەتوانرێت بە فۆنتێکی تۆختر بنوسرێت.

٣) کارایی نوسین (پاکنووسیی)، ڕوونییو هاوسەنگییو یەکێتی بابەتو جوانیی نوسین.

**ب) کارایی ناوەڕۆك، بریتین لە:-**

أ. کارایی بیرۆکە، بریتییە لە ڕوونیی دەربڕینو ڕێکخستنیانو خستنەڕووی بابەتی داڕشتن بە شێوەیەك کە ڕوونو ئاشـکرا بێت، هەروەها پارێزگاری لە گواسـتنەوەی بیروبۆچوونی کەسـانی تر بکات، یەکێتی بابەت لە نوسـینەکەدا پەیڕەو کرابێت.

ب. کارایی شێواز، هەڵبژاردنی دەربڕینی گونجاوو شیاو بۆ دەربڕین، کە شایەنو لایەقی بابەتەکە بێت.

ت. ڕێکخسـتنی ڕسـتەکان یەك بەدوا یەك، و پاراسـتنی ڕێزبەندی ڕسـتەکان بۆ ئەوەی دەقێکی شـیاوو گونجاوت هەبێت.

پ. هەڵبژاردنو بەکارهێنانی وشەی شیاوو جوان بۆ دەربڕینەکان.

بوارەکانی کارامەیی دەربڕین جیاوازن، بەوەی ئەو هەڵوێسـتەیە یان بابەتەیە کە پـێوسـتی بە دەربرین هەیە، بەڵام کارامەیی ئەو دەرهاویشـتەیە بۆ ئەدای نووسـین، لە باری پەرەپێدانی کارامەیی دەربرین پێویسـتە رەچاوی کومەلێک بناغەو مەودای گونجاو لەبەرچاوبگیرێت:

١- مامۆسـتا بزانێت لە کوێوە دەسـت پێ بکات؟ چ توانایەکی پێویسـتە؟ ئەوە چ ئەزموونێکی ئاسـاییە کە بەدوای یەکدا ودەبێت بۆ خوێندکارەکانی بەردەست بێنێت.

٢- دابینکردنی هەڵوێستەکانی زیندوێتی ژیان، کە دەتوانرێت لە ڕێگەی ئەو کارامەییەوە پراکتیزە بکرێت.

٣- مامۆستا دەبێت وردە وردە کارامەیی بەدەستبهێنێت؛ چونکە کارامەیی پلەپلە بەدەست دێت.

٤- ڕاهێنانی باش و بەردەوامی کارامەیی ،پرۆسەی فێرکردن بەجێدەهێنێت.

٥- دابینکردنی سامانێکی زمانەوانی و ڕادەستکردنی بۆ شارەزای کارامەیی یە .

٦- رەچاوکردنی تایبەتمەندیە گەشە سەندووەکان لای خوێندکار. (شحاتە ، ١٩٩٣:٢٥٠-٢٥٢)

**١-٣-٢ داڕشتن (دەربرینی نوسراو)**

گواسـتنەوەی بیرو چەمکەکانی خوێندکار بۆ بەرامبەرەکەی بەهۆی نوسـینەوە، بە بەکارهێنانی هەموو تواناکانی ڕێنوسو یاسا زمانیو وشەسازی و خاڵبەندی و شێوازەکانەوە،.یان کارێکی سیستماتیکی قوتابخانەکە لەسەر بنەمای پلانێکی یەک دەست و داڕێژراوە بۆ گەیشتنی فێرخواز بە ئاستێک، کە بتوانێت ئالوگۆری بیرو هەست و سوزو بینین و ئەزموونەکانی ژیانی بکات، بەشـێوەیەکی زارەکی یان نووسـراوی تەواو بەپێی شـێوازێکی هزری دیاریکراو (طه حسین و سعاد ،**2009** :**13**)، هەروەها دەربڕینی بە نووسین (دارشتن)، چەندین وێنە لە خۆ دەگرێت لەوانە : نووسینی نامە و وتار ، هەواڵ، پوختکردنەوەی چیرۆک و بابەت خوێندنەوە یان بیستراو، نووسینی چیرۆک، نووسینی یاداشت، ڕاپۆرت، یادگاری، هتد . (الرکابی ،١٩٩٥: ١٦٦) .

دەربارەی دەربڕینی نوسـراوو (دارشـن) لایەنی نووسـینی زمانە، هەروەها پێی دەگوترێت دەربڕینی نووسـین، بە های پەروەردەیییەکەی هیچ کەمتر نییە لە دەربڕینی زارەکی بۆ ئەوەی وا لە فێرخواز بکات بتوانێت هەموو ئەو

شتانەی لە یادی دا هەیە بە هەڵبژاردنی وشە و دیاریکردن دارشتنیان لە ڕستەی دورست دا بنووسێت . هەروەها سعدون محمود وهدی پێناسە دەکەن: "ئەوەی فێرخوازەکان دەینووسن لەدەفتەری دەربڕینی بابەتەکاندا ئەوە یە کە دوای دەربڕینی زارەکی دێت و فێرخواز دەست دەکات بە ڕاهێنانێک لەم جۆرە دەربڕینە کاتێک گێرانەوەکەی چڕتر دەبێت و کارامەییەکانی دەستی یەکدەخرێن لەسەردەربڕین لەوەی کە لە خۆیدا هەیە، دەربڕین وردە وردە دەستپێدەکات لەگەڵ فێرخواز، ڕەنگە دەست بکات بە تەواوکردنی ڕستەیەکی ناتەواو یان نوسینەوەی بیروکەیەک، کە وەریگرتبێت لە هۆنراوەیەک یان زیاد کردنی پارچە چیرۆکێک بێت، کە پێشترگۆی لێبوبێت یان نووسینی چیرۆکێک لە خەیاڵی خۆیدا دروستیکردبێت .(سعدون محمود وعلی ، **2005**:**237**) ،هەروەها مەبەستی دەربرینی نوسراو بۆ گەیاندنی بیرۆکە و هەستی فێرخواز بۆ کەسانی تر بەنوسین، بەکارهێنانی تواناکانی زمانەوانی لە ڕێنووس و و ڕێزمانی زماندا چ لە وشە سازی و ڕستەسازی بێت یان خاڵبەندیی جیاواز دا. کەواتە دەربڕینی نووسراو (دارشتن) ئەو ڕێگا یە یان شێوازە، کە مرۆڤ بیرۆکە وهەست و پێداویستی و بیروبۆچونەکانی خۆی پێی دادەرێژێت بەنوسین، و دارشتن ونوسینەوە بە شێوەیەکی دروست لە فۆرم وناوەرۆک دا.

**٤-١ ئەو کێشانەی خوێندکاران لە داڕشتندا ڕووبەڕووی دەبنەوە:**

**١)** داڕشتن پرۆسەیەکی هزری ئاڵۆزەو لە دروستبوونی بیرەکەوە دەست پێ دەکات، گواستنەوەی بیر یا چەمکەکان بۆ کەسانی تر پێویستی بە فەرهەنگێکی دەوڵەمەند لە وشە هەیە، بۆ ئەوەی ڕستەیەکی پڕ واتا بەرهەم بهێنرێت، ئەگەر ئەم فەرهەنگە گەشەی نەکردبوو ئەوا خوێندکار ڕووبەرووی گرفت دەبێتەوە.

٢) ئارەزووی خوێندکار بۆ وانەی داڕشتن چونکە هەست بە کەمی دەکەنو هەمیشە خۆیان وا نیشان دەدەن، کە ناتوانن بیرەکانیان بە شێوەیەکی جوان دەربڕن.

٣) خوێندکار هێشتا گرنگیی بابەتی داڕشتنی بۆ دەرنەکەوتووە، بۆیە پێویستە مامۆستا گرنگیی داڕشتن بۆ خوێندکارەکان ڕوونبکاتەوە.

**٢/ بەشی دووەم: کەرەستە و هۆکارەکانی گەشەسەندنی دەربڕین لای فێرخوازان**

١-٢ ئەو کەرەستانە چین بۆ ئەوەی خوێندکار بتوانێ بەسەر بابەتی داڕشتندا سەربکەوێت؟

١) دەبێت خوێندکار سود لەو تاقیکردنەوە گرنگانەی کە لە ژیانیدا بەدەستی هێناون وەربگرێت، بۆ ئەوەی لەسەرەتاوە بیرێکی ڕۆشنی هەبێت لەسەر کۆی ئەو شتانەی لەدەوروبەریدا هەن، یان ڕوو دەدەن زانیاری هەبێت.

٢) بوونی فەرهەنگێکی زمانی پێشکەوتوو بۆ ئەوەی بتوانێ لە کاتی دەربڕیندا سودیان لێ ببینێت بە دروستکردنی پێکهاتەو دەستەواژە جوانەکانی بیرەکانی بگوازێتەوە.

٣) توانای ڕێکخستنی هزری هەبێت، لەکاتی تێکەڵکردنیاندا ڕیزبەندییان ڕەچاو بکات.

٤) ئەگەر داڕشتنەکە زارەکیی بوو، ئەوا پێویستی بە شێوازێکی دەربڕینی گونجاو هەیە بۆ ئەوەی مەبەستەکانی بە ڕوونی بگات، نابێ ترسی هەبێت.

٥) ئەگەر داڕشتنەکە نوسراو بوو، ئەوا پێویستە توانایەکی باشی هەبێت لە ڕێنووسو خاڵبەندیدا.

### ٢-٢ چارەسەركردنی كێشەكانی دەربڕين لە لای خوێندكاران.

**يەكەم/ مامۆستا:**

- هاندانی خوێندكار بۆ خوێندنەوە.
- ئازادی بدرێت بە خوێندكار بۆ ئەوەی خۆی بابەتەكە هەڵبژێرێت.
- گرنگی دان بە بابەتی هەڵبژێردراو.
- گەشەپێدان بە كارايی دەربڕين لە لای خوێندكار.
- يارمەتی دانی خوێندكار بۆ باشتركردنی تواناكانی دەربڕين.

**دووەم/ خوێندكار:**

-خوێندنەوەی بەردەوام، گرنگی دان بە كتێب خوێندنەوە.

-گەڕان بەدوای واتای وشە نامۆكان لەناو فەرهەنگەكاندا.

-لەبەركردنی وتەو شيعرو پەندو ئامۆژگاری.

-تەماشاكردنی بەرنامەی زانستیو ئەكاديمیو كۆمەڵايەتيەكان..

**سێيەم/ خێزان:**

-چاودێريكردنی مناڵەكانيانو گرنگی بە بۆچوونەكانيان بدرێت.

-هاوكاريكردنيان بۆ چارەسەكردنی ئەو كێشانەی ڕووبەڕوويان دەبنەوە.

**چوارەم/ كۆمەڵگا:**

-كردنەوەی كتێبخانەی گشتیو تايبەتێەكان بۆ ئەوەی ببنە هاندەرێك بۆ گەشەپێدانی خوێندنەوە.

-نوسراوی سەر لافيتەو دوكانو ماركێتەكان بە زمانێكی پاراو نوسرابنەوە.

**پێنجەم/ ڕاگەياندن:**

-پاراوی زمانو گرنگی پێدانی.

-چاوپێكەوتن لەگەڵ كەسانی كاراو شارەزا.

-گرنگی دان بە بابەتە پەروەردەييەكان.

### ٣-٢ هەنگاوەكانی نوسينی داڕشتن

هەلێنجانی ڕەگەزەكان، ياخود بيرەكان

پشت بەستن بە ناونيشانی بابەتەكە، دوای لێوردبوونەوەيەكی باش لە بابەتەكە چەند ڕەگەزێك دەردەكەوێت، بۆ ئەوەی لەسەريان بدوێين، بەڵام پێويستە ڕەگەزەكان بە شێوەی ڕيزبەندی ڕيز كرابن، بەبێ ئەوەی دوبارە ببنەوە، ڕەگەزەكان دەبێت بەم شێوەيە بن:

١-ڕەگەزی يەكەم: پێويستە دەربارەی پێناسە، يا پوختەی گشتی بابەتەكە بێت.



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

بۆ نمونە:

-وەرزش: پێناسەو گرنگیی لە ژیانی تاكو كۆمەڵدا.

-نەخۆشی ئەنفلۆنزا: پێناسەی نەخۆشێكەو سەرهەڵدانو تەشەنە سەندنی.

-بڵاوبونەوەی تیرۆر لە وڵاتاندا: پێناسەو مەترسیەكانی، واتە ڕەگەزی یەكەم تەنیا پێناسەو بیری گشتی بابەتەكەیە.

٢-ڕەگەزی دووەم: ئەم ڕەگەزە پشت بە ڕەگەزی یەكەم دەبەستێت، زیاتر خستنەڕووی جۆرەكانی، كاریگەرییەكانی، نیشانەكانی، ڕووكەشی بەپێی جۆری بابەتی پێشنیازكراو، بۆ نمونە:

-جۆرەكانی وەرزش: جۆری ئەو وەرزشانەی بە كۆمەڵی، یا بە تاكی دەكرێت، سودی جۆرەكانی تری وەرزش.

-جۆری ڤایرۆسەكانی ئەنفلۆنزای بەڵاوبوونەوەی لەگەڵ نیشانەكانی ئەو نەخۆشییە چین؟.

-جۆرەكانی تیرۆر: ئەوانەی بە شێوەی تاك ئەنجام دەدرێن، یان بە كۆمەڵ ... بەم شێوەیە.

٣-ڕەگەزی سێیەم: ئەم ڕەگەزە لە دوای ڕەگەزی دووەمەوە سەرهەڵدەدات، كە پێویستە لەبارەی كۆ ششی وڵاتانی گێتیو ناوچەییەوە بخرێتە ڕوو، لە سەرجەمی ئەو بوارەی بابەتی هەڵبژێردراوە، وەك هەوڵی ڕێكخراوە جیهانیو ناوخۆییەكانو لایەنی بەرپرس. بۆ نمونە:

-كۆششی دەوڵەتان لە گەشە پێدانی وەرزشو گرنگی پێدانی.

-هەوڵی وڵاتانی گێتی لە بنبڕكردنی تیرۆر.

٤. ڕەگەزی چوارەم: ئەمەش بە هەمانشێوە دوابەدوای سێیەم ڕەگەز دێت، كەوا زیاتر ڕاو بۆچوونی شارەزایانو پسپۆران لەنێوان دژ و داكۆكیكار بۆ بابەتێك، بۆ نمونە:

- ڕای پەیڕەوانی ئایینی دەربارەی وەرزش، یاخود ڕای زانستو زانایان.

- ڕای زانایانی ئایینی دەربارەی قڕكردنی ڤایرۆس، یاخود وەرگرتنی ڕای زانستو زانایان.

- ڕای زانایانی ئایینی دەربارەی تیرۆرو لێبوردەیی لە ئایینەكاندا، كەوا دوورن لە توندوتیژی.

٥. ڕەگەزی پێنجەم: خستنەڕووی تێڕوانینەكانی خۆتە لەبارەی بابەتەكەوە، یا خستنەڕووی پێشنیاز بۆ چارەسەر كردنی كێشەكانی ناو بابەتەكە.

- پێشنیازەكانت بۆ چالاك كردنی ڕۆڵی وەرزش لە وڵاتدا.

- پێشنیاز بۆ بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر لە وڵاتداو سوود وەرگرتن لە توانای گەنج بۆ بونیادنانی وڵات.

٦. ڕەگەزی شەشەم: پێویستە زۆر بە گرنگییەوە كۆتایی بە بابەتەكە بهێنرێت، كە تیایدا خستنەڕووی ئامۆژگارییە بۆ گەنجانو هەموو ئەوانەی پەیوەندییان بە كێشەكەوە هەیە.

**٤-٢ پێداچوونەوە بە توێژینەوەكانی پێشووتر:**

ئەم بەشەی توێژینەوەكە پێک هاتووە لە توێژینەوەكانی پێشتر بە زمانی (عەرەبی) لە بواری دەربرین دا، بۆ ئەوەی زیاتر سود لێ وەریگرین بۆ توێژینەوەكە .

- توێژینەوەی ( ئەبو رزق،١٩٩٩) توێژینەوەیەکە بە ناونیشانی "کاریگەری پرۆگرامێکی پێشنیارکراو بۆ پەرەپێدانی دەربڕینی نووسراو بە زمانی عەرەبی لە نێوان خوێندکارانی پۆلی دەیەمی بنەڕەتی لە ئوردن" ئەنجام دراوە، کە مەبەست لێی دۆزینەوەی کاریگەری بەکارهێنانی بەرنامەیەکی پێشنیارکراوە بۆ پەرەپێدانی کارامەیی دەربڕینی نووسراو لە نێوان خوێندکارانی پۆلی دەیەم بە بەراورد بە وانە وتنەوە بە پێی رێگای نەریتی یان لاسایی (تقلیدی)، نمونەی توێژینەوەکە بریتی بووە لە (١٤٠) خوێندکاری کچ و کوڕ لە پۆلی دەیەمی بنەڕەتی، لە دوو خوێندنگای بەشی پەروەردە و فێرکردن لە (عەمان)، توێژینەوەکە لە وەڵامی دوو پرسیاردا ئەنجامدراوە ، یەکەم :ئایا کاریگەری پرۆگرامێکی پێشنیارکراو چییە بۆ پەرەپێدانی کارامەیی دەربڕینی نوو سراو لە نێو قوتابیان لە پۆلی دەیەم دا. دووەم:ئایا کاریگەری بەرنامە ی پێشنیارکراو و جیاوازی هەیە بە پێ جیاوازی رەگەز.

- توێژینەوەی (قاسم ، ٢٠٠٠) توێژینەوەکە بە ناو نیشانی( کاریگەری بە کارهێنانی رێگا کانی هاوچەرخ لە گەشەپێدانی کارامەی دەربرینی نووسراو لەنێۆ خویندکارانی قۆناغی دووەمی بنەڕەتدا )، کە ئامانجی سەلماندنی کاریگەری بەکارهێنانی هەندێک لە دەروازەکانی رێگاکانی هاوچەرخ بۆ وتنەوەی دەربرینی نووسراو وهاوچەرخ لە گەشەپێدانی کارامەیی لای خویندکارانی قۆناغی فێرکردنی سەرەتای لە وەڵاتی (میسر) .

- توێژینەوەی (شبیلات،٢٠٠٦) توێژینەوەیەکە بەناونیشانی (کاریگەری پرۆگرامێکی پێشنیارکراو لە پەرەپێدانی چەند کارامەییەکی نووسین لە نێو خویندکارانی پۆلی یەکەمی ناوەندی دا ) ، ئامانجی ئەم توێژینەوەیە ، بەدواداچوون بۆ کاریگەری بەرنامەی پێشنیارکراو بۆ پەرەپێدانی چە ند کارامەییەکی دەربرینی نووسراو لە نیۆ خویندکارانی پۆلی یەکەمی ناوەندی دا لە بەریوەبرایەتی پەروەردەی وەڵاتی(عومان)، ئەم لێکولینەوەیە هەوڵیداوە وەڵامی ئەم پرسیارانە بداتەوە : بەرنامەی پێشنیارکراو چییە ؟ بۆ پەرەپێدانی چەند کارامەییەکی دەربرینی نووسراو ، دووەم بەکارهێنانی بەرنامەی پێشنیارکراو بۆ پەرەپێدانی هەندێک لە کارامەی دەربرینی نووسراو، وەچ کاریگەری دەکات لە سەر پەرەپێدانی ئەو کارامەییانە، سامپڵەکە پێک هاتووە لە (١٤٨) خوێندکاری کچ لە خوێندنگەی (ئەمیرە بەسمە) ی دووناوەندی کچان.

- توێژینەوەی ( الملا والمطاوعة، ١٩٩٧ ) توێژینەوەکەیە لەسەر کۆمەڵە فاکتەرێک کراوە، کە ڕێگرن لە فێرکردنی کارامەیی دەربڕینی داهێنەرانە لە قۆناغی ئامادەیی دا، ئامانجیان دەستنیشانکردنی ئەو هۆکارانەیە کە ڕێگرن لە گەشەکردنی بەهرەی دەربڕینی داهێنەرانەی نووسین لە نێو خوێندکارانی قۆناغی ئامادەیی لە قۆتابخانە کانی دەولەتی (قەتەر)، بۆ ئەم کارەش توێژەر ڕاپرسی سێ تەوەرەی ئامادە کرد وە، ڕاپرسییەکە لە سەرسامپڵی مامۆستا و پسپۆرانی زمانی عەرەبی نێر و مێ ) لە قۆناغی ئامادەیی لە قوتابخانەکانی دەوڵەتی قەتەر جێبەجێ کراوە .

توێژەر پشکنینی نمونەیەک لە ڕاستکردنەوەی نووسراوەکانی دەربڕینی داهێنەرانەی خوێندکارانی هەر سێ پۆلی قۆناغەکانی ئامادەیی کردووە، ئەنجامەکان ڕێککەوتنێکیان لە نێوان ئەندامانی نموونەکە ئاشکرا کردووە، کە هەر سێ تەوەرەکە لە ڕاپرسییەکە کۆکردووتەوە :( بەرنامەی خوێندن، ڕێگای وانە وتنەوە، کارگێڕی قوتابخانە )،کە یەکێکە لە گرنگترین بەربەستەکان بۆ فێرکردنی بەهرەی دەربڕینی داهێنەرانەی نووسراو لە قۆناغی ئامادەیی دا.

**گفتوگۆی توێژینەوەکانی پێشوو:**

لەبەر نەبوونی توێژینەوەی هاو شێوە بە زمانی کوردی توێژەر پەنای بردوتە بەر توێژینەوە کان بە زمانی عەرەبی بۆ دیارکردنی خالە هەوبەش و جیاوازەکان .

ئا شکرایە لە کاتی خستنەروی لێکۆڵینەوەکانی پێشوودا، دەردەکەوێت ئەم لێکۆڵینەوانە جۆراوجۆر و جیاوازن بەپێی ئەو ئامانجانەی کە هەوڵی بەجێهێنانیان دراوە ، وهەروەها بەپێی جیاوازی ئەو ژینگە یە کە توێژینەوەکە تێیدا ئەنجام دراوە، هەروەها لە ڕێگەی پێداچوونەوە بەو توێژینەوەدا توێژەر ئەم خاڵانەی تێبینی کردووە :

١-میتۆدی توێژینەوە، سەرجەم توێژینەوەکان میتۆدی وەسفی (المنهج الوصفی و شیکاری)یان پەیرەوکردووە ، هەروەک ئەم توێژینەوەیە ی ئیستا مان هەمان میتۆدی پەیرەوکردووە.

٢-جیاوازی لە نێوان ئا مانجی توێژینەوە کان هەبووە، هە ندێکیان ئا مانجیان دۆزینەوەی کاریگەری بەر نامەی پێشنیارکراو و پەرەپێدانی کارامەیی خوێندکاران لە دەربڕیندا و هەروە ها کاریگەری بەرنامەی پێشنیارکراو و جیاوازییەکەی بە پێ جیاوازی وەڵامدانەوەی رەگەزی( نێرو مێ)وەک توێژینەوەی (ابو رزق،١٩٩٩)، یان سەلماندنی کاریگەری ریگاو و شێوازە تازەکان و لەسەر وتنەوەی بابەتی دەربرینی نووسراوداوەک توێژینەوەی (قاسم ،٢٠٠٠)، یان بەدواچوون بۆ کاریگەری بەرنامەی پێشنیارکراو بۆ پەرەپێدانی چەند کارامەییەکی دەربرینی نووسراو وەک توێژینەوە (شبیلات،٢٠٠٦) ،یان دەستنیشانکردنی ئەو هۆکارانەی کە ڕێگرن لە گەشەکردنی بەهرەی دەربڕینی داهێنەرانەی نووسین وەک توێژینەوەی ( الملا والمطاوعە،١٩٩٧).

٣-توێژینەوەکان بابەتی جیاوازیان کردووتە تەوەری سەرەکی توێژینەوەکانیان ،ابو رزق (١٩٩٩) وقاسم (٢٠٠٠) و شبیلات (٢٠٠٦)کاریگەری بەرنامەی پێشنیارکراو و کاریگەری رێگای هاوچەرخ لە سەر خویندکارانی قوناغی بنەرەت و ئامادەیی ، بەلام الملا و المطاوعە (١٩٩٧)توێژینەوەیان لەسەر کۆمەڵە فاکتەرێک کردووە، کە ڕێگرن لە فێرکردنی کارامەیی دەربڕینی داهێنەرانە لە قۆناغی ئامادەیی دا، بەڵام توێژینەوەی بەردەست دەستنیشانکردنی هۆکارە لاوازییەکانی دەربرین و دارشتننە بە پێی بۆ چوونی مامۆستایانی زانکۆ .

٣-هەموو توێژینەوەکان گرنگی دانە بە قۆناغی بنەڕەت و ئامادەیی، بەڵام توێژینەوەکەمان گرنگی دانە بە قۆناغی زانکۆ لە هەرێمی کوردستان .

٤-توێژینەوەکان جیاوازبوون لە رووی سامپڵەوە (العینات) جیاوازییەکە لە رووی ژمارە و جوری سمپڵەکەوە بووە. سەرجەم توێژینەوەکان سمپڵەکە کومەلگەکانیان خوێندکارە، بەڵام ئەم توێژینەوەیە جیاوازە لەوانەی پێشتر ، سمپڵی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە (مامۆستایە)لە قۆناغی زانکۆدا.

٥-بەکارهینانی ئامرازەکانی ئامادەکردن لەم توێژینەوەیەدا جیاوازە لە توێژینەوەکانی پێشووتر هەیانە .

تایبەتمەندی ئەم توێژینەوەیە ئەویە دەستنیشانکردن و دۆزینەوەی ئەو هۆکارانەن دە بنە بەربەست بۆ لاوازی کارامەیی دەربرین و دارشتن لای خوێندکارانی زانکۆ.



***JZSB*** p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

**٣/ بەشی سێیەم**

**ڕێکاری توێژینەوە**

**٣-١ هەنگاوەکانی جێبەجێکردنی توێژینەوەکە :**

ئەم بەشــە ڕێوشــوێنی توێژینەوەکە لەخۆ دەگرێتەوە، کە لە دیاریکردنی کۆمەڵگەی توێژنەوەکەدا پەیڕەوکراوە ، دیاریکردنی نموونە ی توێژینەوەکە، دەســتنیشــانکردنی تایبەتمەندیەکانی وئامادەکردنی پێوەر و ئەنجامدانی کوتا جێبەجێکردن لە ئامرازەکانی توێژینەوە ئەو هەنگاوانەی کە پەیرەوکراوە، لە شــیکردنەوەی وەڵامەکان و چارەســەری ئاماری لە توێژینەوەکەدا بەکارهێنراوە. بەم شێوەی خوارەوە:-

مەبەســت لەدەســتنیشــانکردنی کۆمەڵگەی ســامپڵی توێژینەوەکە و ئامرازی توێژینەوەکە و ڕێگای کۆکردنەوەی زانیاری و دەرهێنانی راســتی و نەگۆری ئامرازەکانە، هەروەها دیاری کردنی ئامرازەکانی ئامادەکردن و دیاریکردنی ئامانجی توێژینەوە کە بەم شێوەیەی خوارەوە بەکارهێنراون .

**یەکەم/ کۆمەڵگەی توێژینەوەکە :**

کۆمەڵگەی توێژینەوە کە: توێژینەوەکە پێک هاتووە لە (٢٠) مامۆســتا لە کولێجی پەروەردەی بنەرەتی زانکۆی سلێمانی .ساڵی خوێندن ٢٠٢٠-٢٠٢١.

**دووەم: ئامادەکردنی ئامراز :**

ئامادەکردنی ئامراز: راستی و وردی زانیاری توێژینەوە پەیوەستن بە ئەنجامەکانی توێژینەوەکە، هەروەها لەسەر ئەو ئامرازەی کە توێژەر بەکاری هێناوە بۆ کۆکردنەوە و بەدەســتهێنانی زانیاریەکان، ئەمەش پێویســتی بە زانیاری بەرفراوان هەیە ، ڕاپرســی لەو جۆرە توێژینەوەیە باشــترین ئامرازە بۆ گەیشــتن بە ئامانجەکانی ،یەکێکە لە هۆیە باوەکان لە کۆکردنەوەی زانیاری و داتا لە توێژینەوەی پەروەردەییدا، کە پەیوەســتە بە بیروڕا و ئاڕاســتەکان بۆ بەدەســتهێنانی ڕاســتییەکان، کە پەیوەســتن بەو مەرج و میتۆدانەی، کە هەن و هەروەها ســوودەکانی ڕاپرســی، کە گرنگترینیان ئابووریە لە هەوڵ و کاتەدا بۆ ئەوەی توێژەر بتوانێت داتاکان کۆ بکاتەوە، لە ســـامپڵێکی گەورە لە ماوەیەکی گونجاودا، ئەگەر کۆمەڵگە بەسەر ڕووبەرێکی جوگرافی فراواندا بڵاوبوویەوە، ئەمەش زیاتر ئاسانکاریدەکات لە ڕێکخستنەوەی پەرەگرافەکان و ڕیزکردنی ئەنجامەکان و لێکدانەوەی ڕێژەکان ( داوود ،٩٢:١٩٩٠).

**توێژەر بۆ ئامادەکردنی لێکوڵینەوەکەی جەخت لەسەر ئەم چەند هەنگاوەی خوارەوەی کردووەتەوە:-**

١-ئاراستەکردنی ڕاپرسییەکی کراوە بۆ ئەندامەکانی سامپڵە گشتگیرەکە کە ژمارەیان ( ٢٠ ) مامۆستای زانکۆیە، کە بریتی بوو لە پرسیارێکی کراوە کە چەند بۆار لە خۆ دەگرێت سەبارەت بە هۆکارەکانی لاوازی دەربڕین و دارشتن و لە نێوان خوێندکارانی زانکۆ دا .

٢-چەند چاوپێکەوتن لەگەڵ مامۆســتایانی بابەتە جیاوازەکان بۆ گەڕان بە دوای راو بۆچوونەکانیان، کە پێکهاتووە لەلێهاتوو و ئەزموونی مەیدانیيان، لەســەر هۆکارەکانی لاوازی دەربڕین ودارشــتن، چونکە چاوپێکەوتنەکە هۆکارێکی

گرنگه بۆ كۆكردنەوەی زانیاری لەو جۆره توێژینەوەیه و ئاسـانكاری دەكات بۆ چاوپێكەوتن بۆ بەدەسـتهێنانی داتاو زانیاری لەسەر ئەو گرفتانه، كه كاریگەریان هەیه لەسەر سیاسەتی فێركردن .

٣-سـود وەرگرتن لەئەزموونی پیشـەی خویان وەک مامۆسـتای زانكۆ له هەسـتپێكردنی ئەم لاوازییه له نێوان خوێندكاراندا، كه له م رووەوه هاورابووین ؛كه لاوازی هەیه له رووی دەربرینی زارەكی و دەربرینی نووسین (دارشتن) ئەمەش بووه ئەنجامی ئەم هەنگاوەكه له دارشتنی سامپڵەكەدا وەک سەرەتا دارێژراوە.

**سێیەم : ڕاستی ئامراز :**

ڕاسـتی و دروسـتی ئامرازەكان: راسـتی ودروسـتی هەر ئامرازێک مەبەسـت لێی ئەوەیه ئامرازەكه تاچەند توانای پێوانەكردنی ئەو تـایبەتمەنـدیه یـان ئەو دیـاردەیەی هەبێـت، كەلەپێنـاویـدا دارێژراوە (الجبلی ، ٢٠٠٥: ٩٤)، بۆ ڕشتڕاستكردنەوەی ڕاستی كەرەستەی ئامرازی توێژینەوەكە، توێژەر وەک سەرەتایەک هەستاوە بە دابەشی كردنی ئەو بڕگانه، كه بەسـەر لێژنەیەكی پسـپۆڕ و لێهاتوو وبەتوانا له بواری هەڵسـەنگاندنی توێژینەوەی پەروەردەیی و دەروونی، كه ژمارەیان (٦) پسـپۆڕ بوون و لەبەر ڕۆشـنایی بۆچوونەكانیان چەند بڕگەیەک ڕاسـت كرانەوه لەرووی ناوەڕۆک وشـێوەی زمانەوانی و هیچ بڕگەیەكیان لانەبردووه، چونكه ڕەزامەندیی خۆیان بەدەسـت هێناوه .بروانه پاشكۆی ژماره (١)

**چوارەم :نەگۆری :**

نەگۆری ئامرازەكان: دوای دانانی ڕاپرسییەكه بەشێوەیەكی كۆتایی وجێبەجێكردنی بەسەر راوەرگرتنی سەرەتایی له كۆمەڵگەی توێژینەوەكەدا، كه ژمارەیان ( ٢٠ ) مامۆسـتا یه و دوای دوو هەفته له یەكەم جێبەجێكردندا دووباره دووای خسـتنەڕووی پرسـیار لەسـەر هەمان راوەرگرتنی سـەرەتای، بۆ ژماردنی هاوكۆلكەی نەگۆری ئامرازەكانی توێژینەوەكه ، هەژماردنی هاوكۆلكەی بەستن له نێوان جێبەجێكردنی یەكەم و دووەم دا، به بەكارهێنانی هاوكۆلكەی بەسـتنەوەی (پێرسـون) چونكه یەكێكه له باوترین و وردترین ئامرازەكانه لەو جۆره توێژینەوەیه دا هەر كاتێک هـاوكۆلكەی هـاوپەیوەنـدی بەرزی هەبێـت ،دەرخەره له ئـامرازی راوەرگرتنی نەگۆرله جێبەجێكردنی دووەمـدا تـا ڕاددەیەک هاوشـێوەی راوەرگرتنی نەگۆر له جێبەجێكردنی یەكەمدا و ئاماژەكردنه بۆ به جێگیركردنی ئەنجامەكان ( الجیلی و النتیال ،١٩٩٠: ١٤٨ ) . دەركەوتنی هاوكۆلكەی نەگۆر بۆ هەر بوارێكی راوەرگرتن له ڕێگەی پەیوەندی نێوان نمرەكـان له جێبەجێكردنی یەكەم و دووەمـدا، دەردەكەوێـت هـاوكۆلكەی نەگۆری لەنێوان (٠،٧٩و ٠،٨٦) له لایەن پسـپۆرەكانەوه بەدیكراوە، وەک ڕووندەبێتەوه ڕێژەكان پەسـەندن كاتێک هاوسـەنگ بوون به هاوسـەنگی گشـتی له هەڵسـەنگاندنی هاوكۆلكەی نەگۆری (البیاتی وزكریا ،١٩٧٧،١٩٤) بەم شـێوەیه لێكولینەوه له راسـتی ودروسـتی نەگۆری راپرسیەكه ئامادەیه بۆ جێبەجێكردن .

**پێنجەم :ئامرازی ئامادەکردن :**

ئەو ئامرازانەی ئامادەکردن لەم توێژینەوەکەدا بەکار هێنراون:

**١-ناوەندی شیاو :**

بۆ شـیکردنەوەی هەر برگەیەک لەو برگانەی ئامرازی توێژینەوەکە و زانینی بەهاکەی لە چوارچێوەی هەر بوارێکدا ، هەروەها بۆ مەبەستی راڤەکردنی ئەنجامەکان ، ئەم یاسایە بەکارهێنراوە .

(ت ١ **x** ٣) + (ت٢ **x** ٢) + (ت٣ **x** ١)

ناوەندی شیاو = ________________________

مج ت

بۆ هژمارکردنی هێزی برگەکان ، یەک نمرە دراوە بە ئەلتەرناتیڤی(جێگرەوەی) یەکەم جێبەجێنەکردووە ، دوو نمرە بە ئەلتەرنـاتیڤی دووەم (بەپلەیەکی نزم جێبەجێکردووە)، ســێ نمرە بۆ ئەلتەرنـاتیڤی ســێیەم (بە پلەیەکی بەرز جێبەجێکردووە)

ت١= دووبارەبوونەوەی ئەو وەڵامانەی، کە لە فۆرمەکاندا لەئاستی (بەپلەیەکی بەرزجێبەجێکراوە)، دانراوون .

ت٢= دووبارەبوونەوەی ئەو وەڵامانەی، کە لە فۆرمەکاندا لەئاستی (بەپلەیەکی نزم جێبەجێکراوە) ،دانراوون .

ت٣= دووبارەبوونەوەی ئەو وەڵامانەی، کە لە فۆرمەکاندا لەئاستی (جێبەجێنەکراون )، دانراوون .

مج= کۆی دووبارەبوونەوەکان .

٢-کێشی سەدی : بۆ خستنەرووی بەهای کێشی سەدی برگەکان و رەهەندەکانی فۆرمی تێبینکردنەکە .

ناوەندی شیاو

کێشی سەدی = ________________________ **x** ١٠٠

بەرزترین نمرە

**(** إبراهیم،٢٠٠٧: ٤٧)

**٤/ بەشی چوارەم :**

**چۆنیەتیی شیکردنەوەی ئەنجامەکانی توێژینەوە :**

**ئەنجامی شیکردنەوە :**

توێژەر لەم بەشەدا ئەنجامی توێژینەوەکە دەخاتە ڕوو بەپێی ئامانجی توێژینەوە لە ڕێگەی ناوەندی شیاو و کێشی سەدی و شیکردنەوەی ئەنجامەکان و دەرئەنجامی راسپارەدەکان و پێشنیازەکان .

أ- دوای بەتاڵکردنی وەڵامی مامۆستایان و چارەسەرکردنیان بە ئامارکردنی ئەنجامەکان بەشێوەیە دەرکەوتن .

پێوانەکردنی هۆکارەکانی لاوازی دەربرین و دارشــتن لە لایەن خوێندکارانی قۆناغی یەکی زانکۆ بە پێی بۆ چوونی مامۆستایان .

**بواری یەکەم : هۆکارەکانی پەیوەست بە پرۆگرامی خوێندن وپەرتوکەکانی خوێندن .**

| ژ | برگە | دووبارەبوونەوەکان | | | ناوەندی شیاو | کێشی سەدی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | هۆکارێکی بەرز | هۆکارێکی مامناوەند | هۆکارنییە | | |
| ١ | لاوازی ناوەرۆکی پرۆگرامی خوێندن لە رێکخستنی بە ها کومەڵایەتییەکان و واقیعی کۆمەڵگە . | ١٥ | ٣ | ٢ | ٢،٦٥ | ٨٨،٣٣ % |
| ٢ | نە گونجاوی تێکستەکانی ناوەرۆکی پەرتوکی خوێندن لە گەڵ ئاستی هزری و زمانەوانی خویندکاراندا . | ١٨ | ١ | ١ | ٢،٨٥ | %٩٥ |
| ٣ | نەبوونی پرسیاری ورۆژینەر لەناو پرۆگرامی خوێندندا | ١٢ | ٦ | ٢ | ٢،٥ | ٨٣،٣٣ % |
| ٤ | فەرامۆشکردنی کارامەیی دەربرینی زارەکی و نووسین لە ناو پرۆگرامی خوێندندا | ١٤ | ٣ | ٣ | ٢،٥٥ | %٨٥ |
| ٥ | زۆری بەشەکانی بابەتی خوێندن لە هەمبەر بەشەوانەی تەرخانکراودا | ١٧ | ١ | ٣ | ٢،٧٥ | ٩١،٦٦ % |
| ٦ | پەرتوکە کانی خوێندن هانی خوێندکاران نادەن بۆ گەران بەدوای زانیاری دەرەکی | ١٥ | ٣ | ٢ | ٢،٦٥ | ٨٨،٣٣ |
| ٧ | نەبونی رێکخستنی گونجاوی زانستی و پەروەردەیی بۆ پرۆگرامەکانی خوێندن ناو پەرتوکەکاندا . | ١١ | ٤ | ٥ | ٣،٢ | ٧٦،٦٦ % |
| ٨ | دووری ناوەرۆکی پرۆگرامی خوێندن لە پێداویستی و حەز و ئارەزووی خوێندکاران . | ١٠ | ٦ | ٤ | ٢،٣ | ٧٦،٦٦ % |
| ٩ | کەمی لە بەکارهێنانی کەرستەکانی تری زمانی کوردی وەک (ئەدەب و تێکستی خوێندنەوە ) بۆدەستنیشانکردنی بابەتەکانی دەربرین . | ٨ | ٧ | ٥ | ٢،١٥ | ٧١،٦٦ % |
| ١٠ | پەراوێزخستنی وانەی کوردی و گرنگیدان بە بابەتەکانی تر | ١٦ | ٣ | ١ | ٢،٧٥ | ٩١،٦٦ |

لە ئەنجامی فۆرمی تێبینیکردن دا دووبارەبوونەوەی هۆکارەکانی بەرزی و نزمی وناوەندی شیاو پلەی سەدی ئەم ئەنجامە بەدەست هێنان لە وانە :

١ – برگەی ژمارە (٢) ی بەناو نیشانی (نەگونجاوی تێکستەکانی ناوەرۆکی پەرتوکی خوێندن لە گەڵ ئاستی هزری و زمانەوانی خویندکاراندا )لە رێزبەندی یەکەمدایە ، بە پلەی ناوەندی شیاو (٢،٨٥) و کێشی سەدی (%٩٥) ئەمەش ئەوە دەگەینێت، کە تێکستەکانی ناو پەرتوکی خوێندندا پاڵپشت نین بۆ خوێندکاران بۆ گەیشتن بە ئاستێکی گونجاو لە هزر و معریفەی زمانەوانی، هەروەهائامانج لە داناندنی ئەم تێکستانە تەنها بۆ خوێندنەوەیە، دوورن لە پاڵپشتی بۆ خوێندکاران و لێهاتویان لە دەبرین و دارشتن دا، ئەمانەش دەبنە هۆکارێکی سەرەکی، کە خوێندکار لاوازە لە لێهاتویی لە دەربرین و دارشتندا .



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

٢-برگەی ژمارە (٥) بەناو نیشانی (زۆری بەشەکانی بابەتی خویندن لە هەمبەر بەشەوانەی تەرخانکراو ) لە ریزبەندی دووەم دایە، بەناوەندی شیاو (٢،٧٥) و کێشی سەدی (٩١،٦٦%) ئەم پلە بەرزیەش ئەوە دەگەینێت، کە زۆری بابەتەکانی خوێندن لە پەرتوکی کوردیدا لەهەمبەر کەمی بەشە وانەکان، ئەگەرێکە بۆ ئەوەی مامۆستایان پەلە پەل لە بابەتەکان بکەن و فریای ئەوە نەکەون، کە زیاتر بوار بۆ خوێندکاران برەخسێنێت لە بەشداربوونی چالاکی ناو پۆل، ئەمەش نابێتە هاندەرێک بۆ لێهاتوویی لە دەربریندا

٣-برگەی ژمارە (١٠)بە ناونیشانی (پەراوێزخستنی وانەی کوردی لە سەرجەم قۆناغەکانی خوێندن و گرنگیدان بە بابەتەکانی تر) لە ریز بەندی سێیەم دایە ، بە ناوەندی شیاو (٢،٧٥) و کێشی سەدی (٩١،٦٦%) ئەم پلە بەرزیەش ئەوە دەگەینێت هۆکارێکە بۆ لاوازی خوێندکاران لە کارامەیی دەربریندا ، هۆکاری ئەمەش ئەوە بیرکردنەوە هەڵەیە کەلە ناو کۆمەڵگای کوردیدا بەربەڵاوە، کە پرۆگرامی کوردی هیچ سودێک بە خوێندکار ناگەینێت ، یان بابەتێکی ئاسانە پێویست ناکات پێوە هیلاک بن، یان لە داهاتوودا هیچ کاریگەری پۆزەتیف یان نیگەتێف یان نییە لەسەر ئایندەی خوێندکاران، لە بەر ئەوەش چاوی خویندکار تەنها لە سەر دەرچوونە لەو بابەتە، ئەمانەش کاریگەرن بۆ پەراوێزخستنی بابەتی کوردی، کە هۆکاربن بۆ لاوازی لە کارامەیی خویندکار لە دەربرین و دارشتندا.

**بواری دووەم : هۆکارەکانی پەیوەست بە خوێندکار**

| ژ | برگە | دووبارەبوونەوە کان | | | ناوەندی شیاو | کێشی سەدی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | هۆکارێکی بەرز | هۆکارێکی مامناوەند | هۆکارنییە | | |
| ١ | بۆچونی نێگەتێفی خوێندکار بەرامبەر زمانی کوردی | ٨ | ٧ | ٥ | ٢،١٥ | %٧١،٦٦ |
| ٢ | بایەخ پێنەدانی خویندکار بۆ گرنگی دەبرین و دارشتن | ١٨ | ١ | ١ | ٢،٨٥ | %٩٥ |
| ٣ | دوور کەوتنی خوێندکار لە خوێندنەوەی دەرەکی و رۆشنبیری گشتی | ١٦ | ٣ | ١ | ٢،٧٥ | %٩١،٦٦ |
| ٤ | پشتگوێخستنی خوێندکار لە سەرنجدانی وانەکان | ١٤ | ٥ | ١ | ٢،٦٥ | %٨٨،٣٣ |
| ٥ | کەم وکوری لە خوێندن و نوسینی خویندکاراندا | ١٣ | ٤ | ٣ | ٢،٥ | %٨٣،٣٣ |
| ٦ | لاوازی هەگبەی زمانەوانی خوێندکار بۆ دارشتنی بیرۆکەو مەبەست . | ١١ | ٦ | ٣ | ٢،٤ | %٨٠ |
| ٧ | کەمی بەشداری خوێندکار لە گفتۆکوی ناو پۆلدا . | ١٠ | ٦ | ٤ | ٢،٣ | %٧٦،٦٦ |
| ٨ | ئامانج لە خوێندنەوەی هەندێک خویندکار تەنها دەرچوونە بۆ قۆناغێکی دیکە. | ١٢ | ٧ | ١ | ٢،٥٥ | %٨٥ |
| ٩ | شڵەژانی خویندکار لەتاقیکردنەوەی دەربرین و دارشتندا . | ١٥ | ٣ | ٢ | ٢،٦٥ | %٨٨،٣٣ |
| ١٠ | کاریگەری نەرێنی تەکنولوجیا سەردەم لەسەرخوێندکار | ١٧ | ٢ | ١ | ٢،٨ | %٩٣،٣٣ |
| ١١ | بروا نەبوونی خویندکاربە ئایندەی خۆی | ١٥ | ٢ | ٣ | ٢،٦ | %٨٦،٦٦ |

ئەنجامەکانی خشتەی ژمارە (٢) دیاردەبێت بەم شێوەیە :

١-برگەی ژمارە (٢) بەناو نیشانی (بایەخ پێنەدانی خویندکار بۆ گرنگیی دەبرین و دار شتن)لەریزبەندی یەکەمدایە ،بەناوەندی شیاو (٢،٨٥) و کێشی سەدی (٩٥%) ئەمەش ئەوەدەگەیێنت ،ئامانج لە بایەخ پێنەدانی خوێندکار بۆ بابەتی دەربرین ئەوەیە بابەتی ئامادەکراو و بێ هیلاک بوون زۆرن و بەئاسانی بەدەست دەکەون دەتوانێت نمرەی باشتر پی وەربیگرێت لەوەی پشت بە خۆبەستێت، خوێندکار دەزانێت کەهەڵسەنگاندنی مامۆستا بۆ دارشتن تەنها هەڵسەنگاندنێکی رۆکەشییە، تەنها ئامانجی مامۆستا بۆ ئەوەیە کە خۆێندکاران نمرە بۆ بابەتی دەربرین و دارشتن هەبێت ،ئەمەش ئەگەرێکە بۆ بایەخ پێنەدانی خوێندکار بۆ بابەتی دەربرین و دارشتن ، هەبوونی ئەم پشت گوێخستنەش هۆکارێکە بۆ لاوازی دەربرین و دارشتن .

٢-برگەی ژمارە (١٠) بەناو نیشانی (کاریگەری نەرێنی تەکنولۆجیای سەردەم لەسەرخوێندکار) لەریزبەندی دووەم دایە، بەناوەندی شیاو (٢،٨) و کێشی سەدی (٩٣،٣٣) ئەمەش ئەودەگەینێت، کە لە سەردەمی جیهانگێری ئەمرۆدا و سەردەمی تەکنۆلوجیای زیرەک و بەکارهێنانی موبایل بەشێوەیەکی ناتەندروست لە لایەن هەندێک خوێندکارانە بۆ زیاتر کاری (تەرفیهی)و خۆ سەرقاڵکردن بە سوشیاڵ میدیا و گوێنەدان بەئامانجی خوێندنی خۆیان، کاریگەری خراپی هەندێک تۆری کومەلایەتییەکان لە سەر خوێندکار و گورینەوەی ئاراستەیان لە خوێندن و خوێندنگەو رەوانین لە ئایندەی خۆیان، ئەمەش کاریگەری نەرینی دەکات لەسەر خوێندکاران لە بواری پەروەردەو فێرکردنیان .

٣-برگەی ژمارە(٣) لەریزبەندی بەناو نیشانی (دوور کەوتنی خوێندکار لە خوێندنەوەی دەرەکی و رۆشنبیری گشتی) سێیەم دایە، بەناوەندی شیاو (٢،٧٥) و کیشی سەدی (٩١،٦٦%) بەرزی ئەم پلەیە بۆبرگەکە ئەوە دەگەینێت، کە خوێندنی دەرەکی و رۆشنبیری گشتی کاریگەرە لەسەر خویندکاران بۆ بەدەستهێنانی بیرۆکەی باش بۆ دەربرین و دارشتن و رەوانی لە خویندن ونووسین، و ئاشنا بوونیان لە دارشتنی ناوەرۆکی بابەتەکان، ئەمەش ئەوە دەگەینیت کاریگەری رۆشنبیری خوێندکار لە لێهاتوویی لە دەربرین و دارشتن

**بواری سێیەم : هۆکارەکانی پەیوەست بە مامۆستایانی بابەت (پێش زانکۆ)**

| ژ | برگە | دووبارەبوونەوە کان هۆکارێکی بەرز | هۆکارێکی مامناوەند | هۆکارنییە | ناوەندی شیاو | کێشی سەدی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | هەندێک مامۆستا لەرووی ئەکادیمی و پەروەردەییەوە لاوازی پێوە دیارە لە جێبەجێکردنی ئەرکەکانیدا . | ٩ | ٦ | ٥ | ٢،١ | %٧٠ |
| ٢ | لاوازی هەندێک مامۆستا لە شێوازی هەڵسەنگاندنی هاوچەرخدا | ١٣ | ٣ | ٤ | ٢،٤٥ | %٨١،٦٦ |
| ٣ | بەرچاونەگرتنی جیاوازی تاکایەتی لەنێوان خوێندکاراندا لە لایەن مامۆستایانەوە | ١٧ | ٢ | ١ | ٢،٨ | %٩٣،٣٣ |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ٤ | بەکارنەهینانی رێگاکانی هاوچەرخ وسەردەمیانە بۆ وتنەوەی بابەتەکان | ١٢ | ٤ | ٤ | ٢،٤ | %٨٠ |
| ٥ | لاوازی مامۆستا لە رووی هاندانی خویندکاران بۆ دەربرینی ئەکادیمی و چالاکی زمانەوانی و گفتۆگو و دیالۆک | ١٤ | ٤ | ٢ | ٢،٦ | %٨٨،٦٦ |
| ٦ | گرنگی نەدانی مامۆستایان بە شێوازی قسەکردن و چالاکییەکانی زمانەوانی لەکاتی وانەوتنەوەدا | ١١ | ٤ | ٥ | ٢،٣ | %٧٦،٦٦ |
| ٧ | نەبوونی پلانی گونجاو لەلایەن مامۆستاوە بو ئەو وانانەی پەیوەستن بە دەربرین و دارشتن | ١٢ | ١٤ | ٤ | ٢،٤ | %٨٠ |
| ٨ | پشتگوێخستنی هەڵەکانی خوێندکاران و راست نەکردنەوەی وەڵامە هەڵەکانان | ١٨ | ١ | ١ | ٢،٨٥ | %٩٥ |
| ٩ | شێوازی مامەلەی خراپی مامۆستایان لە بەرێوەبردنی پۆل دا | ١٣ | ٥ | ٢ | ٢،٥٥ | %٨٥ |
| ١٠ | لاوازی مامۆ ستا لە دە ست نیشانکردنی بابەتی گونجاو بۆ دەربرین . | ١٤ | ٤ | ٢ | ٢،٦ | %٨٨،٦٦ |
| ١١ | شارەزا نەبوونی مامۆستا لە سەر رێگاکانی تایبەت بە وانەوتنەوەی دەربرین و دارشتن | ١٢ | ٧ | ١ | ٢،٣ | %٧٦،٦٦ |
| ١٢ | بەدوا دانەچوونی مامۆ ستا لە پێدانی ئەرکەکانی مالەوەی خوێندکار . | ١٢ | ٥ | ٣ | ٢،٤٥ | %٨١،٣٣ |
| ١٣ | بەکارهێنانی رێگاکانی وانەوتنەوە، کە جەخت دەکەنەوە سەر بنەمای ئەزبەرکردن و دووبارەکردنەوەن. | ١٦ | ٢ | ٢ | ٢،٧ | %٩٠ |
| ١٤ | لاوازی مامۆستا لە بەکارهینانی ئەو رێگایانە، کە چەخت دەکەنە سەر کارلیک وبەشداریپێکردنی خوێندکاران لە وانەکە. | ١٥ | ٣ | ٢ | ٢،٦٥ | %٨٨،٣٣ |

**ئەنجامەکانی خشتەی ژمارە (٣) دیاردەبێت بەم شێوەیە :**

١-برگەی ژمارە (٨) بە ناونیشانی (پشتگوێخستنی هەڵەکانی خوێندکاران و راست نەکردنەوەی وەڵامە هەڵەکانیان) لەرێزبەندی یەکەم دایە بە ناوەندی شیاو (٢،٨٥) و کێشی سەدی (٩٥%)ئەمەش ئەوە دەگەینێت، کە ئەو پشتگویخستنە ئەگەرێگە بۆ ئەوەی خوێندکار بەردەوام بێت لەسەر هەڵەکانی و جیاوازی نێوان ڕاستی و هەڵە نەکات چ لەووی قسەکردنەوە بێت یان نووسینەوە بێت، لەبەر ئەوەی خۆی رابهێنرێت لەسەر چاککردنی هەڵەکانی، لەبەر ئەوەش پێویستە مامۆستا هەڵەکانی دەربرینیان بۆ چاکبکات، بۆ ئەوەی زیاتر خوێندکاران لێهاتووبن لە دەربرین و دارشتنیان .

٢-برگەی ژمـارە (٣) بە نـاونیشـــانی (بەرچـاونەگرتنی جیـاوازی تـاکـایەتی لەنێوان خوێنـدکـارانـدا لەلایەن مامۆسـتایانەوە.) لە ڕێزبەندی دووەم دایە بە ناوەندی شـیاو (٢،٨) و کێشـی سـەدی (٩١،٣٣%) ئەم پلە بەزیەش ئەوە دەگەینیت کە گرنگیی جیاوازی تاکایەتی لە پێگەیاندنی پەروەردەیی دا چاودێریکردنی تاکەکانە لەســەر پایەکانی سـایکوڵۆجی و پەروەردەیی تەندروسـت، دانپێدانە بە تاکایەتیی و گرنگیی خسـتنەڕۆ و سـود لێوەرگرتنێکی باش و ئاراستەکردنی تاکەکان بۆ ئەوەی بەهرەکانی خۆی بۆ گەیشتن بەبنەمای تێکەلبوون و هاوسۆزبوون بەکاربهێنێت.

٣-برگەی ژمارە (١٣) بە ناونیـشانی (بەکارهێنانی ڕێگاکانی وانەوتنەوە، کە جەخت دەکەنە سەر بنەمای ئەزبەرکردن و دووبارەکردنەوە) لە ڕێزبەندی سـێیەم دایە بەناوەندی شـیاو (٢،٧) و کێشـی سـەدی (٩٠%) ئەم پلە بەرزیەش ئەوە دەگەینێت، کە مامۆسـتا ڕێگاکانی گونجاو بۆ وانە وتنەوەی ئەو بابەتانە ی کە پەیوەندی بەدەربرین و دارشـتنەوە یان هەیە بەکارناهێنیت کە زیاتر گفتۆگو و دیالۆکی تێدا بێت بۆ ئەوەی زیاتر خوێندکاران هانبدات گۆزارشـت لە دەربرینی ئازاد بکەن بیرۆکەی تازە و جوان بخنە ڕوو.

**بواری چوارەم : هۆکارەکانی پەیوەست بە قوناغی فێرکردن**

| ژ | برگە | دووبارەبوونەوە کان | | | ناوەندی شیاو | کێشی سەدی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | هۆکارێکی بەرز | هۆکارێکی مامناوەند | هۆکارنییە | | |
| ١ | لە قۆناغی بنەڕەتی دا بابەتەکانی فێرکردن و خوێندن و نوسین لە ئاستێکی باش دا نین کە بتوانن پالپشت بن بۆ خوێندکاران لە رووی شـــارەزاییکردن و پێگەیـانـدن لەدەربریندا . | ١٣ | ٥ | ٢ | ٢،٥٥ | %٨٥ |
| ٢ | پرۆگرامی خوێنـدن لە قوناغەکانی بنەرەت دا دوورن لە بنیاتنانی بیرکەی دەربڕینی ئازاد بۆ خوێندکاران . | ١٤ | ١٥ | ١ | ٢،٦٥ | %٨٨،٣٣ |
| ٣ | لە قوناغی بنەڕەت دا هەندێک مامۆستا جیاواز لە پسپۆری خویان وانە دەڵێنەوە | ١٨ | ١ | ١ | ٢،٨٥ | %٩٥ |
| ٤ | لە قوناغی بنەڕەتدا مامۆســتا خوێندکارەکانی هانی نادات بۆخوێندن ڕێنووسێکی رەوان | ١٢ | ٦ | ٢ | ٢،٥ | %٨٣،٣٣ |
| ٥ | خویندکاران لە قوناغی ئامادەیی دا زیاتر پشت دەبەستن بە مەلزەمە و بابەتی کورتکراو و ئامادەکراو . | ١٧ | ٢ | ١ | ٢،٨ | %٩٣،٣٣ |
| ٦ | لە قونـاغەکـا نی دەســـپێکی فێرکردنـدا خو ینـدکـاران بە شێوەیەکی درو ست فێری خوێندن و نوو سین گۆکردن و پیت و وشە ناکرێن | ١٦ | ٣ | ١ | ٢،٧٥ | %٩١،٦٦ |
| ٧ | لە قۆناغی ئامادەیی دا هەڵسەنگاندنی مامۆستا بۆ دەربرینی خویندکاران لەئاستێکی گونجاودا نییە . | ١٢ | ٣ | ٥ | ٢،٣٥ | %٧٨،٣٣ |
| ٨ | لە قۆناغەکانە پێش زانکۆدا هانی خویندکار نادریت پشـــت بەخۆ ببەستێت بۆ نوسینی دارشتن . | ١٠ | ٥ | ٥ | ٢،٢٥ | %٧٥ |

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ٩ | لە قۆناغی ئامادەیدا دا مامۆستا گرنگی بە دەربڕینی ئازاد نادات لە ناو پۆلدا. | ١٢ | ٥ | ٣ | ٢،٤٥ | %٨١،٦٦ |

ئەنجامەکانی خشتەی ژمارە (٤) دیاردەبێت بەم شێوەیە:

١-برگەی ژمارە (٣) بەناونیشانی (لە قوناغی بنەرت دا هەندێک مامۆستا جیاواز لە پسپۆری خویان وانە دەڵێنەوە) لەڕێزبەندی (یەکەم) دایە بە ناوەندی شیاو (٢،٨٥) و کێشی سەدی (٩٥%) ئەمەش ئەوە دەگەینێت، کە کاریگەری پسپۆری وردی مامۆستا لە سەر پرۆسەی فێرکردن و فێربوون، پلە بەرزی ئەم برگەیە ئەوەیە، کە ژمارەیەکی زۆر لەمامۆستایان لە هەندێک قۆناغەکانی خوێندندا بی ئەوەی پسپۆری خویان بێت ئەو وانە دەڵێنەوە ئەمەش کاریگەری نێگەتێف دەکاتە سەر پرۆسەی فێربوون، بە تایبەت بابەتی کوردی لە قۆناغی بنەرەتیدا، بە پاساوی پرکردنەوەی بەشە وانەی مامۆستایانی پسپۆرییەکانی تر، ئەمەش پێچەوانەی داواکارییەکانی چاکسازی و بەروپێشبردنی پرۆسەی پەروەردەیە، بەتایبەت ڕۆلی مامۆستا لە کارابوون لە بەدەستخستنی ئاماجی فێربوونی خوێندکاران و بەدیهێنانی خواستراوەکانی.

٢-برگەی ژمارە (٥) بەناونیشانی (خوێندکاران لە قوناغی ئامادەیی دا زیاتر پشت دەبەستن بە مەلزەمە و بابەتی کورتکراو و ئامادەکراو ) لەڕێزبەندی (دووەم ) دایە بە ناوەندی شیاو (٢،٨) و کێشی سەدی (٩٣،٣٣) ئەمەش ئەوە دەگەینێت هەبوونی بابەتی ئامادەکراو لەبەردە ست کاریگەر خراپ دەکاتە سەر پرۆ سەی فێربوون، بەتایبەت بابەتی کورتکراو و ملزەمەی ئا مادەکراو، کە بەمەبەستی تەنها دەرچوونی خوێندکار بێت لە قۆناغێک بۆ قۆناغێکی تر ،خوێندکار هیچ پێوە هیلاک نابێت و بۆ گەران و دوزینەوەی وەڵامە شاراوەکان، ئەمەش دەبێتە گاریگەری خراپ بۆ خوێندکار بۆ دوزینەوەو هەوڵدان بەدووای ئەو وەڵامانە بۆ فێربوون لە دوزینەوەی وەڵامەکان ،وەکو ئەوە بڵێن مەلزەمە بابەتی کورتکراو بۆزیاتر سرکردن و بیرکردنەوە و دەربرین و لێکدانەوەی لۆژیکی خوێندکارە لە بیرکردنەوە و بەها گرنگەکانی دیکەی لە ناو سیستەمی پەروەردەو فێرکردندا .

٣-برگەی ژمارە (٦) بەناونیشانی (لەقوناغەکانی دەسپێکی فێرکردندا خوێندکار بەشێوەیەکی دروست فێری خوێندن و نووسین گۆکردن و پیت و وشە ناکرین) لەڕێزبەندی (سێیەم) دایە بە ناوەندی شیاو (٢،٧٥) و کێشی سەدی (٩١،٦٦%) ئەمەش هۆکارێکە بۆ لاوازی لە کارامەیی خوێندکاران لە دەربرین و دارشتن دا، قۆناغی دەسپێکی خویندن وەک ناسراوە بنیاتنانەوەی زانین و زانیارییە بۆ خوێندکار و هەر هەڵە فێرکردنێک چ لە نووسین یان قسەکردن و گۆکردن وەرگرتنی زانیاربێت گاریگەردەبێت بەسەر خوێندکار تا کۆتا قۆناغ ، لەبەر ئەوە بە قۆناغی هەستیارە دادەنرێت، ئەو لاوازیانەی لای خوێندکارە چ لە قسەکردن و ڕێنووس وگۆکردنی پیتەکان و وشەکان لە قۆناغە ئامادەیی وپەیمانگاو زانکۆدا بەدی دەکرێن، زۆربەیان هۆکارەکەی بۆ قۆناغی بنەڕەت دەگەرێنن، کە بەشێوەیەکی تەندروست ئامادەنەکراون بۆ فێربوون لەبەر ئەوەش خوێندکارانی دووا قوناغ لاوازن لە دەربرین و دارشتن.



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

**گفتوگۆی ئەنجامەکانی توێژینەوەو شیکردنەوەیان**

ئەنجامی توێژینەوەکە ئەوەی ئاشـــکرا کردووە، کە هۆکاری لاوازی کارامەیی لە ئاســـتی (دەربرین و داڕشـــتن)دا دیاریکراوە، بۆخوێندکارانی ئاسـتی زانکۆ لە ڕوانگەی مامۆسـتایانی زانکۆ، لەڕێگەی نمونەیەک (سـامپڵێک)ەوە بۆیان دەرکەوتووە، کە لە ئەنجامی چوار بواری جیاوازەوە کە پلەی بڕین (قطع) کە توێژەر پ٫شتی پێی بە ستووە کە ناوەندی شیاو (٢،٤) بەرەوو سەرەوە بە کێشی سەدی (٨٠%) و زیاتر بۆ دە ستنی٫شانکردنی (ڕێکەوتن) و بیروڕای مامۆ ستایان لەسـەر هۆکاری لاوازی کارامەیی دەربرین و دارشـتن لای خویندکارانی زانکۆدا، لەسـەر ئەمەش لەم خشـتەیەدا ئەو برگانە کە پلەی دووبارەبوونەوە یان هەیە بەپێی بیروڕای مامۆستایان وەک لەم خشتەیەدا دەبینرێت:

| ژ | بوار | ژمارەی بڕگە | برگە | ناوەندی شیاو | کێشی سەدی |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | یەکەم | ٢ | نەگونجاوی تێکستەکانی ناوەرۆکی پەرتوکی خوێندن لە گەڵ ئاستی هزری و زمانەوانی خویندکاراندا | ٢،٨٥ | %٩٥ |
| ٢ | یەکەم | ٥ | زۆری بەشەکانی بابەتی خوێندن هەمبەر بەشەوانەی تەرخانکراو | ٢،٧٥ | %٩١،٦٦ |
| ٣ | یەکەم | ١٠ | پەرواوێزخســتنی وانەی کوردی لەســەرجەم قۆنـاغەکـانی خوێنـدن و گرنگیدان بە بابەتەکانی تر | ٢،٧٥ | %٩١،٦٦ |
| ٤ | دووەم | ٢ | بایەخ پێنەدانی خویندکار بۆ گرنگی دەبرین و دارشتن | ٢،٨٥ | %٩٥ |
| ٥ | دووەم | ١٠ | کاریگەری پاسیڤی تەکنولۆجیای سەردەم لەسەر خوێندکار | ٢،٨ | %٩٣،٣٣ |
| ٦ | دووەم | ٣ | دوور کەوتنی خوێندکار لە خوێندنەوەی دەرەکی و رۆشنبیری گشتی | ٢،٧٥ | %٩١،٦٦ |
| ٧ | سێیەم | ٨ | پشــتگوخســتنی هەڵەکانی خوێندکاران و راســت نەکردنەوەی هەڵەکانی وەڵامەکانیان | ٢،٨٥ | %٩٥ |
| ٨ | سێیەم | ٣ | بەرچـاونەگرتنی جیـاوازی تـاکـایەتی لەنێوان خوینـدکـارانـداله لایەن مامۆستایانەوە | ٢،٨ | %٩١،٣٣ |
| ٩ | سێیەم | ١٣ | بەکـارهێنـانی رێگـاکـانی وانەوتنەوە کە چەخـت دەکەنە ســەر بنەمـای ئەزبەرکردن و دووبارەکردنەوە | ٢،٧ | %٩٠ |
| ١٠ | چوارەم | ٣ | لە قوناغی بنەرت دا هەندێک مامۆســتا جیاواز لە پســپۆری خویان وانە دەڵێنەوە | ٢،٨٥ | %٩٥ |
| ١١ | چوارەم | ٥ | خویندکاران لە قوناغی ئامادەیی دا زیاتر پشـــت دەبەســتن بە ملزمە و بابەتی کورتکراو و حازر. | ٢،٨ | %٩٣،٣٣ |
| ١٢ | چوارەم | ٦ | لەقوناغەکانی دە سپێکی فێرکردندا خویندکار بە شێوەیەکی درو ست فێری خوێندن و نووسین گۆکردن و پیت و وشە ناکرین | ٢،٧٥ | %٩١،٦٦ |

**بەشی پێنجەم**

**ئەنجامەکان، ڕاسپاردەکان، پێشنیارەکان :**

**یەکەم : ئەنجامەکان :**

ئەو دەرئەنجامانەی لە میانەی توێژینەوەکەوە دەردەکەون ئەمانەی خوارەوەن :

١-بەشـــێوەیەکی گشـــتی کارامەیی خوێندکاران لە (دەربڕین و داڕشـــتن)دا لە ئاســـتێکی لاواز دایە، ئەمەش بە بەراوردکردنی تێکرای گشتی ناوەندی شیاو سەرجەم بوارەکان لەگەڵ پێوەری دیارکراوی توێژینەوەکەدا.

٢-زۆری هۆکارەکانی لاوازی کارامەیی دەربرین ودارشـــتن لە قۆناغی بنەڕەتدا جێگیرکراون و ئەمەش گاریگەری نەرێنی بۆ سەرئایندەی خوێندکار دروستکردووە .

٣-ڕوو ندەبێتەوە دەربڕینی زارەکی هوکارێکی ســـەرەکی پەیوەندی کردنە لە نێوان مامۆســـتا وفێرخوازەکان وپاشـــکویەکی ســـەرەکییە بۆ دەربڕینی نووســـراو(دارشـــتن)، ئەمەش زیاتر توانا بە خوێندکار دەدات بۆ خســـتنەڕوی ئایدیاو بیرۆکەو داهێنان .

**دووەم راسپاردەکان :**

لەبەر ڕۆشنایی ئەنجامەکانی توێژینەوەکە ئەم راسپاردانە دەخرێنەروو.

١- بایەخدانی زیاتر بە فێرکردن لە قۆناغەکانی بنەڕەت دا وگرنگی زیاتر بدرێت لە پێگەیاندن و ئامادەکردنی خوێندکار بۆ قۆناغەکانی تر .

٢- جەختکردنەوە لە سەر کردنەوە لە خۆلی شیاندنی مامۆستایان لەسەر پێویستی بەکارهێنانی میتۆدی فێرکردنی هاوچەرخ ، و بەتایبەت لەقەکانی زمانی کوردی، کە وا لە خوێندکار دەکات گرنگی بە پرۆســـەی فێرکردن بدات بە شێوەیەک، کە ببێتە بەرهەمی زانین و زانیاریان .

٣-جاوخشـــاندنێکی وورد بۆ بابەتەکانی نێو پەرتۆکی خوێندن بکرێت وزیاتر گرنگی بە بابەتی دەربرین و دارشـــتن بدرێت، تێکستی گونجاو هەڵبژێرێت، کە هاوسەنگ بێت لەگەڵ ئاستی هزری و زمانەوانی خوێندکار.

٤- زیاتر گرنگی دانی مامۆستایان بە هەڵەکانی خوێندکاران و راست کردنەوەی هەڵەکانی لە کاتی وەڵام دانەوەی خوێندکاران لە دەربرینی زارەکی و نووسین وکاتی تاقیکردنەوەکانی رێنووسدا .

٥- سەرنجدانی مامۆستایان لە پەرەپێدانی کەسایەتی خوێندکار لە بەخشینی ئازادی رادەربڕین لە بیر و هەست و حەزەکانیان دا.

**سێیەم : پێشنیازەکان بۆ توێژینەوەی دیکە :**

دوای ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە، توێژەر لە میانەی ئامانجەکانی دا، پێشـــنیاری ئەنجامدانی چەند توێژینەوەک دەخاتە روو:

١- ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی هاوشـــێوە بدرێت، لە قۆناغەکانی تردا بۆ دەســـتنیشـــانکردنی جۆری لاوازییەکانی دەربڕین و دارشتن .

٢-توێژینەوە ئەنجام بدرێت لەسەر لاوازی خوێندکاران لە بواری رێنووسی کوردیدا لە قۆناغەکانی بنەڕەتدا .

٣-ئەنجامدانی توێژینەوەیەک لەرەوانگەی مامۆســتایانی ئامادەیی بۆ زیاتر گەشــەپێدانی کارامەیی دەربرین و بەراوردکردنی لە گەڵ ستراتیژییەکانی تر .

٤-توێژینەوەی تر ئەنجام بدرێت لە ســەر لێهاتویی مامۆســتایانی قۆناغی بنەڕەت لە وتنەوەی بابەتی دەربڕین و دارشتن دا.

**سەرچاوەکان**


١-ايناس عبدالمجيد لطيف و ميســاء محمد كريم احمد، ضــعف كتابة التعبير عند طالبات معاهد اعداد المعلمات (البياع المحمودية) ، مجلة دراسات تربوية، العدد الثانى عشر ، تشرين الأول، ٢٠١٠.

٢-راتب قاسـم عاشـور" فننون اللغه العربيه واســاليب تدريســها بين النظرية والتطبيق، ط٢، جدار للنشـر والتوزيع، عمان، ٢٠٠٩، ص ١٢١-١٢٢

٣-طه حســين الديملي وســعاد عبدالكريم الوائلي : اللغة العربية مناهجها وطرق تدريســها، ط٢،دار الشــروق للنشــر والتوزيع ، الاردن ٢٠٠٩.

٤- ســعاد عبالكريم الوائلي: طرق تدريس الادب واللاغة والتعبير (بين النظرية والتطبيق )، دار الشــروق للنشــر والتوزيع ، الاردن ٢٠٠٤.

٥-سميح ابو مغلى وەرگێران لە عربيەوە ابراهيم قادر: شێوازی نوێیەکانی گوتنەوەی زمان ،هەولێر ٢٠٠٨.

٦- حمه كريم هەورامی : بنچینەی وتنەوەی زمانی کوردی ،چاپی دووەم ،چاپخانەی کایلار . هەولێر ٢٠١١.

٧-احمد حســين اللقانى وعلى احمد جمل ، معجم المصــطلحات التربوية المعرفية فى مناهج وطرق التدريس ، عالم الكتب ، القاهرة ،ط٢، ١٩٩٩.

٨-سعدون محمود الساموک وهدى على جواد الشمرى : مناهج اللغة العربية وطرق تدريسها، دار الوائل للنشر، الاردن، ٢٠٠٥.

٩-محمود محمد السيد، الموجز في طرائق تدريس اللغة العربية،دار العودة للنشر، بيروت ١٩٨٠.

١٠-أحمد جمعة، الضعف في اللغة تشخيصه وعلاجه، دار الوفاء الدنيا للطباعة والنشر، مصر،٢٠٠٦ص٧٧.

١١-جودت الركابى: طرق تدريس اللغه العربيه : دار الفكرللنشر والتوزيع ،عمان ، الاردن ،١٩٩٥.

١٢-حسن شحاته : تعليم اللغة العربية بين النظرية والتطبيق ،الدار المصرية البنانية ، القاهرة ،١٩٩٣.

١٣-حماد ، عبدالفتاح ونصار ،خليل : فن التعبير الوظيفي ،مطبعة ومكتبة منصور غزة ،٢٠٠٢.

١٤-عبدالرحمن رشيد احمد:داڕشتن و دەربڕین-زمانی کوردی،٢٠٠١.

١٥-عبدالعزيز صقر : الجامعه والسلطة ، الدار العالميه للنشر والتوزيع ، القاهره ، ط١، ٢٠٠٥.

١٦-البجة ،عبدالفتاح:اصول تدريس العربية بين النظرية والممارسة في المرحلة الاساسة العليا، عمان ،دار الفكر للنشر والتوزيع والطباعة ،عمان ،١٩٩٩.

١٧-حسن شحاته : التعليم الجامعى والتقويم الجامعى بين النظرية والتطبيق ، مكتب الدار المصرية للكتاب، القاهرة، ٢٠٠١.

١٨-الخزرجي، سليم ابرهيم: اساليب معاصرة في تدريس العلوم،ط١، دار اسامة ،الآردن،٢٠١٦.

١٩-البياتي ،عبدالجبار توفيق زكريا زكى اثناسـيوس:الاحصـاء الوصـفي والاسـتدلالى ، جامعة المسـتنصـرية ، ط١،بغداد،١٩٧٧.

٢٠-الدبوس، جواهر محمد:القاموس التربوي،مجلس النشر العلمي – لجنة التأليف والتعريب والنشر ٢٠٠٣.

٢١-إبراهيم، مروان عبد المجيد: الإحصاء الوصفي والاستدلالي، ط ،١دار الفكر للطباعة والنشر والتوزيع،عمان٢٠٠٠م

٢٢-داود ، عزيز حناوعبدالرحمن وأنور حسـين :مناهج البحث التربوي، دار الكتب للطباعة والنشـر –جامعة الموصـل، ١٩٩٠.

٢٣-الجبلى،سـوسـن شـاكر :اسـاسـيات بناء الاختبارات والمقياس النفسـيه والتربويه، مؤسـسـه علاء الدين للطباعه والتوزيع ،ط١،دمشق،٢٠٠٥.

٢٤-شـبيلات ، كوثرجمال: فاعلية برنامج مقترح في تنمية بعض مهارات الكتابة لدى طالبات الصـف الأول الثانوى ، رسالة ماجستير غير منشورة، الجامعة لأردنية ، ٢٠٠٦.

٢٥-القاسـم ،حازم: فعالية اسـتخدام مداخل حديثة في تنمة مهارات التعبير الكتابى لدى تلاميذ الحلقة الثانية من مراحل التعليم الاساسي ، رسالة دكتورا غير منشورة ، كلية التربية ، جامعة عين شمس ،٢٠٠٠.

٢٦-الملا ، بدرية ؛ المطاوعة ، فاطمة : دراسـة لمجموعة من العوامل التى تعوق مهارات التعبير الابداعي في المرحلة الاعدادية ، عدد١٢،مجلة البحوث التربوية بقطر، ١٩٩٧.

٢٧-أبو رزق ، ابتهال : اثر برنامج مقترح لتنمية التعبير اكتابي في اللغة العربية لدى طلبة الصف العاشر الأساسي في الأردن . رسالة غير منشورة ، الجامعة الأردنية ،١٩٩٩.

## پاشکۆی ژمارە (٢)

**ڕاوەرگرتنی سەرەتایی مامۆستایان**

مامۆستای بەڕێز ..........................................

ئەمەی بەردەســتت فۆرمی توێژینەوەیەکە بەناو نیشــانی (هۆکاری لاوازی دەربڕین و دارشــتن لای خوێندکارانی زانکۆ، بەپێی تێروانینی مامۆســتایان) بەمەبەســتی زانینی ڕاوەرگرتنی ئیوەی بەرێز وەك پســپۆر و خاوەن پێگەی ئەکادیمی و زانستی، بۆ ئەوەی زیاتر بابەتەکە ڕۆشنایی بێت بە پێوەرەکانی کواڵیتی گشتگیر.

بۆ ســود وەرگرتن له وەلامی ئیوەی بەڕێز بۆ زیاتر گەیشــتن بە ئامانجی توێژینەوەکە وەك زانیاری ســەرەتایی بۆ دروستکردنی فۆرمی تێبینکردنی کۆتا ،بە پێوستی دەزانم ئەم پرسیارە ئاراستەی ئێوەی بەرێز بکەم :

١- هۆکاری لاوازییەکانی کارامەیی دەربڕین و دارشتن لای خوێندکارانی زانکۆ چین ؟ ئەو خاڵانە ی ئێوەی بەرێز بەدی دەکەن کە هۆکارن بۆ لاوازی کارامەیی دەربرین و دارشتن لای خوێندکارانی زانکۆ، لەم خشتەیەدا دیاریبکەن .

ڕای ئێوە جێگەی سوپاس و پێزانینە

**توێژەر : م.ی . رێـــگر محمـد سلیــــم**

یەکەم : هۆکارەکانی پەیوەست بە خوێندکار:

| ژ | دەقی برگەکان |
|---|---|
| ١ | |
| ٢ | |
| ٣ | |
| ٤ | |
| ٥ | |
| ٦ | |
| ٧ | |

دووەم :هۆکارەکانی پەیوەست بە مامۆستا

| ژ | دەقی برگەکان |
|---|---|
| ١ | |
| ٢ | |
| ٣ | |
| ٤ | |
| ٥ | |
| ٦ | |
| ٧ | |

سێیەم: هۆکارەکانی پەیوەست بە پرۆگرامی خویندن

| ژ | دەقی برگەکان |
|---|---|
| ١ | |
| ٢ | |
| ٣ | |
| ٤ | |
| ٥ | |
| ٦ | |
| ٧ | |

چوارەم : هۆکارەکانی پەیوەست بە قۆناغی خوێندن .

| ژ | دەقی برگەکان |
|---|---|
| ١ | |
| ٢ | |
| ٣ | |
| ٤ | |
| ٥ | |
| ٦ | |
| ٧ | |

پاشکۆی ژمارە (٢)

ناوی لیژنەی هەڵسەنگینەرانی فۆرمی تێبینیکردنی کۆتایی (بەپێی پلەی زانستی و ریزبەندی و بە پێی ناو)

| ژ | ناو | پسپۆری | شوێنی کار |
|---|---|---|---|
| ١ | پ.د. جواد نعمت حسين | رێگاکانی وانەوتنەوە | زانکۆی سلێمانی |
| | پ.د. نظام عبدالجبار حسين | رێگاکانی وانەوتنەوە | زانکۆی سلێمانی |
| | پ.د. صابر بكر مصطفى | دەرونزانی پەروەردەیی | زانکۆی سلێمانی |
| | م. رزگار حمە لاوخالد | رێگاکانی وانەوتنەوە | زانکۆی سلێمانی |
| | م. کارزان محمد عارف علی | رێگاکانی وانەوتنەوە | زانکۆی سلێمانی |
| | م.ی .ئەژی حمە قاضی | رێگاکانی وانەوتنەوە | زانکۆی سلێمانی |